MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com


MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ئەویندارێتی لە پەراوێزدا

«کۆمەڵە چیرۆک»

مەهسا موحیب عەلی

# ئەویندارێتی لە پەراوێزدا

«کۆمەڵە چیرۆک»

رەسووڵ وەیسی

براوەی خەڵاتی دامەزراوی گوڵشیری

بۆ باشترین کۆمەڵە چیرۆکی ساڵی ١٣٨٣ هەتاوی

نوسخەی فارسی ئەم کتێبە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی

لە لایەن بڵاوکەرەوەی نەشری چەشمە، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ئەویندارێتی لە پەراوێز دا**
- نووسینی: مەهسا موحیب عەلی
- وەرگێڕانی: ڕەسووڵ وەیسی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- پیتچنین: زولەیخا نۆوین
- ژمارەی سپاردن: ٤٠٨
- نرخ: ١٠٠٠
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٣٤)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگا پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## پێرست

سەمای هیندی بکەم؟ ........................................ ١

ئەویندارێتی لە پەراوێزدا ........................................ ٥

ئەنتیکەکان ........................................ ١٢

شەمشەمە کوێرەکە ........................................ ١٩

حەوت پاژی زانای گشتی ........................................ ٢٤

بۆینباخی* سەوز ........................................ ٣٢

نیوەی سپی ، نیوەی بنەوشەیە ........................................ ٣٩

چەند سانتیمەترێك لە ژێر زەویدا ........................................ ٤٣

فەرهەنگۆك ........................................ ٤٩

## سەمای هیندی بکەم؟

هەنووکە ئیتر هیچم بیر نایەتەوە، تەنانەت بیرم نایە جگەرەکەت بە سێ قامکان دەگرت و دەتخستە نێو دەستتەوە یا بە دوو قامك و دەتدایە دەرەوە. لە وێنەکەی ماڵی دایکم دا دیارە جگەرەکەت چۆن بە دەستەوە گرتووە. لە سەر تاتە بەردێکی نێو دارەکان دانیشتووی و ئەو شەڵوارە جینە و فانیلە چوار خشتەکیەی زۆرت خۆش دەویست لەبەر کردووە، وا لە دووربینەکە ورد بوویەتەوە و پێدەکەنی کە ئەگەر دەنێو وێنەکەدا نەبووبای، پێم وابوو هەر ئەو واتایەی هەیە کە هەمێشە هەیبووە. رەنگە هەشیبێ. رەنگە ئەوکاتەی وێنەم لێ هەڵدەگرتی، کاتێ لەسەر بەردەکانی نێو چەم دا ئەوەندە پاشە و پاش کشابوومەوە لەسەر سمت کەوتبوومە نێوئاو، پێدەچوو هەر ئەو دەمە دڵت تاسەمی کردبوو.

ئەمنیش کە ئێوارانە دەچمە خوارێ، لە رەخ حەوز دادەنیشم، هەرکە چاوم بە وێنەی سەر تاقە دەکەوێ، دڵم تاسەت دەکا. ئاخر لە قابەکەدا جۆرێ دانیشتووی، هەر دەڵێی هەوڵی هاتنە دەرەوەتە. شوێن لێوی دایە بە شووشەی قابەکەوە دیارە، ئەگەر چی هەموو رۆژێ بە دەسماڵێکی تەڕ خاوێنی دەکاتەوە، بەڵام پەڵەکە هەروا بە هەنییەتەوە دیارە، دەڵێی شوێن لێوەکانی دایە بە شووشەکەوە نووساوە.

باوەگیان کە ئێوارانە باغەکە ئاو دەدا، تەنانەت بۆ جارێکیش سەری هەڵنایەنێ چاوی بە لاقەکانم بکەوێ کە دە کانیم هەڵکێشاون. هەر لە ژێر لێویەوە دەکرووکێنێ. دەزانم پێی خۆش نییە بووکەکەی لە رەخ کانی دانیشێ و ماسی ئاسا لاقەکانی دەنێو ئاوەکە دا راتەکێنێ، بەڵام ناشێم. ئاخر ئەودەم کە لە رەخ کانی دادەنیشم و فێنکایی وە بەری لاقم دەکەوێ، هەموو شتێکم لەبیر دەچێتەوە، هەموو شتێ. تەنانەت لەبیرم دەچێ کە دایکە شت و مەکی چای هێناوە ناویەتە سەر تەختەکەی قوژبنی حەوشە. لەبیرم دەچێ کە رادێوکەی داناوەتە بەر پەنجەرە و ئاخرین دەنگی داوەتێ. لەبیرم دەچێ رادێو



مارشی شەڕ بڵاو دەکاتەوە و دەنگی هەتا پێنج ماڵ ئەولاتر دەبیسترێ و باوەگیان خەریکە بە شیلانك گەڵا وشك بووەکانی شەمدانی دەشواتەوە کە رژاونەتە ژێر لنگەی دەرگەی عەمبار، هەتا گەڵاکان بەرەولام بخوشن و بڕژێنە نێو پاشۆرەوە.

پێم خۆش نییە وێنەکەت لەسەر تاقە بێ. پێم خۆش نییە شوێن لێوەکانی بەسەر قابەکەوە بێ. حەز ناکەم دەنگی خۆت لە گوێم دابێ. دەنگی خۆت کە لێکدا بڵێی بۆنی دووکانەکانی «بەندەرعەبباس»ت لێوە دێ... بۆنی دووکانەکانی بەندەرعەبباس...

دایکە و باوەگیان دەنگت هەر هیچ نابیستن. تەنانەت دەنگی لاقەکانت لەو کاتەدا کە بە پێپلەکانەکاندا دێیەخوار هەتا لە رەخ کانی دانیشی و دەسنوێژ هەڵگری، یا دەنگی فیتە لێدانت بۆ کۆترەکان. کاتێ لەسەر گوێسوانەی سەربان دادەنیشی و نانی رەقیان بۆ هەڵدەڕێژی. ئەوان تەنیا چاویان لە دەرگایە و گوێیان لە زەنگی تەلەفۆن. بۆچ دەنگت نابیستن؟ بۆچ تێناگەن کە دەنگت لەرزۆکتر لە هەموو کاتێکە؟ ئەو رادێو سندان لێدراوە بۆ ناکوژێنییەوە؟

هەنووکە ئیتر هیچ شتێکم بیرنایەتەوە. تەنانەت رۆیشتنت. تەنیا هەر دەنگت ماوە کە بێ نێوبڕ دەیگوت:«زوو دەگەڕێمەوە. زۆر زوو ئیزن وەردەگرم و دەگەڕێمەوە.»

ئەمن سەرم هەر لە ژێر لێفە دەرنەخست تا بزانم جانتا بە شانەوە لەسەر تەخت ماتڵ ماوی. بۆچ مەجبوورت نەکردم سەر لەژێر لێفە دەرخەم و چاوم بە رۆیشتنەکەت بکەوێ؟ ئەوەش ببینم کە باوەگیان قوڕئانی راگرتووە، هەنییەت ماچ دەکا و ئەتۆش بە ژێریدا دەڕۆی. ئەوەش ببینم قاپە تەژی لە ئاوەکەی دەست دایە بە دواتدا دەڕژێ. هێندێ جار کە دڵم دەگیرێ، لە پشت مێزی چێشتخانە دادەنیشم و لە کۆگای قاپە نەشۆراوەکان رادەمێنم. ئەو کاتە گەرەکمە بێی چاییەك بۆ خۆت تێبکەی و لە هەمبەرم دانیشی و لە چاوەکانم ورد بیەوە و بڵێی: «لووتت تێك مەنێ لووتت تێك مەنێ.»

لووتم تێك نانێم. دەسنوێژ دەگرم. دەچم لە ئاسانەی پەنجەرەدا چوار مێردەکی* دادەنیشم، بە دەنگێکی بەرز ئەوە دەخوێنمەوە: « **اَمّن یجیبُ اْلمُضطَرَّ اِذا دَعاه و یَکشِفِ السَوء...**»

هەتا ئەو دەمەی شەوێ کە لە خەو رادەبم، دەنگی هەناسەکانت لە گوێم دا بزرینگێتەوە و دەستەکانت قژم لەسەر ئارەقەی هەنییەم لادا و بێژێ: «بۆنی دووکانەکانی بەندەرعەبباس دەدەی... بۆنی دووکانەکانی...»

هەنووکە ئیتر هیچم لەبیر نییە. بەیانی رۆژانی هەینی دەبێ رابم. کۆڵەپشتی یەکەت بۆ تەژی لە نان و پەنیر و سەوزی بکەم و بچمە دەرێ و هیچ گوێ نەدەمە کڕووکاندنی دایکم. ئەشێ هەر بچمەوە ئەو شوێنە، لەنێو هۆو دارانە و لەسەر تاقە بەردەکە دانیشم هەتا بیرم بێتەوە، بیرم بێتەوە کە ئەودەم دە ئاوێ کەوتم چەندەم پێ پێکەنی. بیرم بێتەوە چۆن ئاگرت داگیرساند تا جل و بەرگە تەڕەکانم وشك بکەیەوە و چۆنت دە بەتانی* وەرپێچام و جگەرەکەت ئاگردا، ناتە نێوان هەرتك لێوانم و گوتت «هەر ئەو جارەی.»

ئێستا خۆم جگەرە دادەگیرسێنم. وەك تۆ شەمچە دەخەمە نێو قامکی گەورەی لاقم. بە دەستی چەپپەش شەمچەکە لێدەدەم، ئەوجار لاقەکانم دە ئاوی چەم دەکێشم و ماسی ئاسا رایاندەتەکێنم" تا ئەو جێیە کە فێنکایی ئاوەکە هەموو شتێکم لەبیر بەرێتەوە. لەبیرم بچێ کە باوەگیان هەروا کە لە دیوارەکەی هەمبەری راماوە، خەریکی فڕ کردنی چایەکەی نێو ژێر پیاڵەیە. لەبیرم بچێ کە دایە ئەوە لەژێر لێویەوە سڵەوات لێدەدا"هەتا ئەودەم کە دەرگە دەکەمەوە و وەژوور دەکەوم، نیگا قورسەکانی هەست پێ نەکەم یا تەنانەت پرتە و بۆڵەکانی نەبیسم کە: «کارێکی دروست نییە، کارێکی دروست نییە.»

و دەنگی تۆ کە بڵێ:«لایان لێ مەکەوە... لایان لێ مەکەوە.»

لایان لێ ناکەمەوە، نەوارێکی سەمای هیندی دەخەمە سەر زەبتەکە و دەڵێم: «هیندی سەما بکەم؟ هیندی سەما بکەم؟»

هەتا دەنگەکەت بێژێ: «ئا...ئا.»

ئەودەم رادەبم بە نووکی چەقۆ لە لەپی دەستم دەدەم. کە خوێنی لێهات، تلێکی لێدەدەم و بە نێوەندی هەنییەمەوەی دەسووم. ئەوجار تلم لەسەر کولمەی چۆپەم دادەنێم، سەرم چەشنی سەکتە لێدراوێك رادەوەشێنم. رادەبمە سەر پەنجە و هێور هێور



هەتا قوژبنی هۆدەکە دەچم و ئەلێرەدا خولێك لە دەوری خۆم دەدەم هەتا قژەکانم بە یەکەوە حەوا کەون. دیسان هەر لەسەر پەنجە وردە وردە بۆ لایەکەی تری هۆدە دەچم. خول دەدەم. خول دەدەم و تلم دەخەمە سەر گۆنام و سەرم رادەوەشێنم هەتا هەناسەت لەسەر گۆنام هەست پێ بکەم کە: «بۆنی دووکانەکانی بەندەرعەبباست لێوە دێ... بۆنی دووکانەکانی...»

و ئەمن بێژم:« بۆ دەنگت سەما دەکەم... بۆ دەنگت...»

هەنووکە ئیتر هیچم بیر نایەتەوە. وەبیرم نایە کەی بوو جانتاکەم دەسدایە و لە پێپلەکانەکان هاتمە خوار و لە رەخ کانییەکە دانیشتم. گەرەکم بوو پێڵاوەکانم داکەنم و لاقەکانم دە ئاو هەڵکێشم و ماسی ئاسا رایانتەکێنم، باوەگیان خەریکی ئاوداشتنی باغچەکان بوو. گەڵا ویشکەکانی شەمدانی وەڕێکەوتبوون بەرەو لام بێن و بڕژێنە نێو پاشۆریەکەوە. رادێوکە لەبەر پەنجەرە بوو و دەنگی مارشی شەڕ هەتا پێنج ماڵ ئەولاتر دەبیسترا. دایکە خەریك بوو شووشە ترشیاتەکانی لەسەر پێپلەکانەکانی ژێرخان ریز دەکرد. پێم خۆش نەبوو گەڵا ویشکەکانی شەمدانی بەرەو لام بێن. گەرەکم بوو گشت شووشە ترشیاتەکانی دایکە ورد و خاش بکەم، پێم خۆش بوو هاوار بکەم. بەڵام چیم نەگوت. هەستام وەدەرکەوتم. دایکە و باوەگیان تەنانەت جارێکیش سەریان هەڵنەیەنا هەتا چاویان بە رۆیشتنم بکەوێ. تەنانەت سەریان بەرز نەکردەوە هەتا ببینن کە تۆ چوار مێردەکی لە ئاسانەی پەنجەرە دانیشتووی، دەستەکانت بەرز کردۆتەوە و بە دەنگێکی بەرز ئەوە دەخوێنییەوە: «**اَمّن یجیبُ المُضطَرَّ اِذا دَعاه و یَکشِفِ السَوء.**»

## ئەویندارێتی لە پەراوێزدا

لەم چیرۆکەدا ئەویندارێتی روو دەدا. ئەویندارێتی لە چەشنی لاو لاوێك ئەویندار و من دە نێو دێڕەکاندا تێکەوە دەپێچێتەوە، من و ئەویندارم و چەند فیلم و چیرۆکی تر وەها تێکەوە دەپێچرێینەوە کە لە یەکتر هەڵناواردرێین.

قژی من کورت و خورمایین و بە هەنییە و لاجانگمەوە نووساون. کێشم چل و پێنج کیلۆیە و قەڵافەتم بە پێڵاوی پانییە بڵیندەوە مێترێك و شێست و پێنج سانتە. لیسانسی ئەدەبیاتم لە زانستگای ئازاد وەرگرتووە. چەند ساڵێکیش لە ماڵ مامەوە هەتا لە میوانداری «سێزدەبەدەر»ی باغی یەکێ لە خزمەکان لەگەڵ ئەویندارەکەم ئاشنا بووم. ئەویندارەکەم چاوخومار و کاربەدەستی بانکی ناوەندییە، باڵابەرز و مەشرەف خۆشە و جگە لەمە کە دایمە خەریکی تووکی سمێڵەکانییەتی  تایبەتمەندییەکی تری تێدا شك نابەم. ئەویندارەکەم بە چاوە خورمایی و سەرنج راکێشەکانییەوە لە سووچێکی باغەکەوە لێم دەڕوانێ. ئەمنیش بە خەمزە و شەرمەوە سەر دادەخەم و لێی دوور دەکەومەوە. ئەویندارەکەم بە شوێنم دا دێ و پیاڵەیەکم بۆ رادەدێرێ. هەر لەو دەمەدا کە پیاڵە لە ئەویندارەکەم وەردەگرم، بۆ ماوەیێ نیگامان تێکدەهاڵێ. ئەویندارەکەم سەبرێکی دەستم بۆ لای خۆی دەکێشێ. و پیاڵەکە تەژی لە خواردنەوەیەکی شێوە شەراب دەکا.

بۆ ئەوەی باشتر لەم بەشەی چیرۆکەکە بگەن، بڕواننە مینیاتۆری لاپەڕەی بیست و سێ لە کارەکانی محەممەد تەجویدی لە دیوانی حافزدا، پێداچوونەوەی دوکتۆر قاسم غەنی و عەللامە قەزوینی. چاپی بیست و سێهەم ، ئەو جێگەیە کە پیاوی مینیاتۆر لە حاڵێکدا کە لالانەوە لە چاوەکانیدا رەنگ دەداتەوە خۆی بە دامێنی ئافرەتەکەی مینیاتۆر هەڵواسیوە و پیاڵەی شەرابی بۆ رادەدێرێ و ئافرەتەکە لە نێوقەدیەوە بە پێچەوانەی لایەنی پیاوەکە سووڕاوە و هەتا ئەو جێگەیە کەبۆی لواوە نیگای خۆی لەو دوور خستۆتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دیارە کە تاسەیەکی شاراوەی لە دەرووندایە. ئەم تاسە شاراوەیە بەوەڕا دیارە کە سیلەی چاوی خستۆتە سەر پیاوی مینیاتۆرەکەوە. پێدەچێ ئافرەتی مینیاتۆر گەلێك ساڵ چاوەڕوانی ئەم کاتە بووبێ و



هەنووکە دوای چەند ساڵ دەرفەتێکی بۆ غەمزە و ناز دەسکەوتبێ، ئەگەرچی سەر کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاون، بەڵام لێبڕاوە خۆی هێمن و بێلایەن بنوێنێ. دیارە کە پیاوی مینیاتۆر گوێی بەم وتانەوە ناچێ و بەو قژەوەش کە بەسەر هەنییەیدا پەخش و پەرێشان بۆتەوە، زەق لە ئافرەتەکە دەڕوانێ. پیاوی مینیاتۆر تەنیا لەبیری ئەوەدایە بە دڵدارەکەی بگا و هیچ ترسێکی لەوە نییە بیچم و رواڵەتی وەك مرۆڤە گەمژەکان لە مێژوودا تۆمار بکرێ.

ئەمن و ئەوەیندارەکەم لە ئاپارتمانێکی چل مێتری کە لە شەقامی حافز بە کرێمان گرتووە، لە هەمبەر تەلەفزیۆن هەڵکورماوین و چاو لە زنجیرەی "هێلی کۆپتێری فریا کەوتن" دەکەین. ئەمن لە حەستەم ترین بەشی چیرۆکەکە  رادەبم، دەچمە ژووری خەو،"رۆبد شامبێر"ێکی سوور دەبەر دەکەم و لەبەر تەلەفزیۆن دەوێستم و قژم دادێنم و لە وەڵامی رەخنەی ئەویندارەکەم دا فریودەرانە لێی دەڕوانم و ئەو پێدەکەنێ" بەڵام هەروا دەیەوێ شوێن پێی چیرۆکەکە هەڵگرێ. ئەمنیش تەلی دوو فلیقانەی تەلەفزیۆن لە پریز* دەردێنم.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشەی چیرۆك، بڕواننە کتێبی "ئەمریکیی هێمن"، شوێنەواری گراهام گرین، وەرگێڕانی عیزەتوڵڵا فوولادوەند، بڵاوکراوەی خارەزمی، چاپی یەکەم، لاپەڕەی 143، ئەو شوێنەی کە پایل لە فاولێر، رۆژنامەوانی بە ئەزموونی ئینگلیزی دەپرسێ: قووڵترین ئەزموونی سێکس کە هەتا ئێستا بووتە، چ بووە؟

فاولێر، وەڵامی ئەمریکییە گەنج و هێمنەکە بەم چەشنە دەداتەوە:"بەیانییەکی زوو لە نێو پێخەفەکەم دا راکشابووم، چاوم لەو ئافرەتە بڕیبوو کە رۆبد شامبێری سوور لەبەر، قژی دادەهێنا." لەو دەمەدا گشت هەستی ئێرۆتیکی ئەو پیاوە پێگەیشتووە ئەمریکییە بۆ ئەو دیمەنە راکێشرابوو. دیمەنێك کە زۆر پێدەچێ لەگەڵ هیچکام لە دڵدارەکانیدا تاقی نەکردبێتەوە. بەڵام لەو ساتەدا تەنیا دێمەنێکی کە زەینی شەکەت و پەشێوی ئەو لەبیری بوو، ئەوە بوو کە لە پاڵ دوو عەسکەری وێتنامی و پیاوە ئەمریکییەکەی نێو قەڵا و لە نێو ترس و دڵەخورپێی هێرشی ویتگۆنگەکاندا شەوی دەکردەوە. زۆریش پێدەچێ فاولێر لەو ساتەدا بیری لە هیچ کام لە دڵدارەکانی

نەکردبێتەوە” نە لە فۆئۆنگ، ئەو قەقنەسە جوانە وێتنامییە، و نە لە خۆشەویستە ئینگلیزییەکەشی. ئەو دیمەنە ئاکامی گشت ئەوساتە ئەویندارانەیە بوو کە ئەو پیاوە ئینگلیزییە تاقی کردبۆوە.

ئەمن و ئەویندارەکەم لە چایخانەیەکی رەخ زەریا دانیشتووین و "کاپۆچینۆ"کەمان مەزە مەزە دەکەین. ئەویندارەکەم تیشێرتێکی سپیی لەبەردایە کە بە هۆی شێدار بوونی هەوا بە لەشییەوە نووساوە. ئەمن مانتۆیەکی سەوزی کاڵم لە بەردا و گوڵێکی ماگنۆلیای سپیی گەورەم ناوەتە نێوان پشکۆژەکانی مانتۆکەمەوە. بۆنی ماگنۆلیاکەی ناومەتە سەر سینگم لەتەك بۆنی شێداری زەریا و بۆنی ئەو کاپۆچینۆیەی لە فینجانەکەمەوە دێ ئاوێتە دەبێ و سەرم پێی دەگێژەوە دێ. قامکەکانم دەخەمە سەر لاجانگم و هەناسەیەکی قووڵی بۆ هەڵدەکێشم. ئەویندارەکەم بە چاوانێکی تەژی لە پەرۆشی یەوە لێم دەڕوانێ. لە ئەویندارەکەم دەوێ جارێکی تر کارەساتی خنکانی کیژ و کوڕە گەنجەکەم بۆ بگێڕێتەوە. لە وەڵامدا دەڵێ لە دوێنێوە هەتا ئێستا پێنج جاری بۆم گێڕاوەتەوە و ئیتر وازی بەسەر چووە.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشە لە چیرۆك بڕواننە کتێبی "مێدراتۆ کانتابێلە"، کاری مارگرێت دۆراس، وەرگێڕانی رەزا سەید حوسێنی، بڵاو کراوەی زەمان. چاپی یەکەم 1352 لاپەڕەی 89. ئەو شوێنەی کە "ئان دێبارد" بەو جل و بەرگە دێکۆلتە و گوڵە ماگنۆلیایەی لە سنگیەوە داوە، پەشێو و شێواو لە پشت مێزی شیوی میوانی رادەبێ هەتا بچێتە چایخانەی ئەسکەلە* و لە پاڵ "شوون"دا پێکێکی تری شەراب بخواتەوە و بۆ دووەمین جار داوای لێ بکا هەتا حەقایەتی ئەو ئافرەت و پیاوە گەنجەی بۆ بگێڕێتەوە. "ئان دێبارد" لەو ساتەدا ئەوە بۆ یەکەم جارە بە هێز و توانی سێحراوی شەڕاب و گوڵی ماگنۆلیا و هەر لەو کاتەش دا بە وێکچوونی باوەڕپێنەکراوی نێوان ئەم دووە دەزانێ. "ئان دێبارد" لەو دەمەدا ئەوە تێدەگا کە عەتری ماگنۆلیا لە سەرەتادا زۆر پاك و بێ خەوش دەنوێنێ، هەروەك خواردنەوەی نەختێ شەراب . بەڵام عەتری گوڵەکە دوای ماوەیێ تەواوی مێشك دەتەنێتەوە، بە چەشنێك کە دەرفەت بۆ هیچ بیرکردنەوەیەك یا هەستێکی تر ناهێڵێتەوە و ئەوە رێك هەستێکە "ئان دێبارد" لەو کاتەدا هەیەتی. سەرخۆش لە عەتری ماگنۆلیا و شەراب و زەینێك کە جگە لە ئەوین، بیری لە هیچ شتێ نەکردۆتەوە. ئەوین لەو ساتەدا وەك عەتری ماگنۆلیا تەواوی زەینی ئەوی تەنیوەتەوە و دیارە کە خەفەت بە هەمان رادە و هەر بەو کتوپڕیە زەینی داگیر کردووە.

ئەمن و ئەویندارەکەم هەر لە ئاپارتمانە چل مێتریەکەماندایین. ئەویندارەکەم لەسەر قەنەفە* لێی راکشاوە و شەربەتی تەژی لە سەهۆڵی ناوەتە سەر سینگی و جگەرەیەکی بە لالێویەوەیە. ئەو دە بنمیچ راماوە و پرسیارەکانم کورت و بێ سەرەوبەرە وەڵام دەداتەوە. ئەمن لەسەر مۆبڵ دانیشتووم و لاقەکانم بە لێوارەکەیدا شۆڕ کردۆتەوە و بە رك و تووڕەییەوە لاپەڕەکانی گۆڤاری "ئارت ئەند دیکۆرەیشن" هەڵدەدەمەوە. بە ئەویندارەکەم دەڵێم سووتە جگەرەکەت دەتکێتە سەر عەرد. وەڵامێك ناداتەوە و هەروا چاو لە بنمیچ، دیسان جگەرەکە دەتکێنێتە سەر عەرد. دەچم لەسەر سەری دەوەستم، دەستم لەسەر سینگ تێك دەخەم و بە تووڕەییەوە چاوێکی لێدەکەم. ئەویندارەکەم هەر بەو چەشنە کە چاوی بڕیوەتە بنمیچ، بزەی دێتێ. دەگوڕڕێنمە سەری و دەڵێم لەو شێوە ئاکارانەی وەڕەز بوومە و لە خۆی و لەو شەربەتەی کە هەمیشە بە دەستیەوەیە بێزارم. ئەویندارەکەم لە حاڵێکدا کە لە ژێر لێویەوە جوونم پێدەدا، شەڵواری لەبەر دەکا و قایشەکەی توند دەکا. ئەمن لەبەر دەرگە وەستاوم و پێشم گرتووە و پێی دەڵێم واز لەم ئاکارە بێنێ و هێندە لاسای قارەمانەکانی فیلمە ئەمریکییەکان نەکاتەوە کە لەدەس دڵدارەکانیان جاڕز بوونە. پاڵم پێوە دەنێ و دەرگەکە پێکدادەدا و دەڕوا.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم دیمەنە، بە هیچ کلۆجێ مەڕواننە فیلمی"هیپی ئێندە ئەمریکیین". چونکە ئەمن وەك "جین فۆندا" یا "جۆلیا رابێرتس" وەشوێن ئەویندارەکەم ناکەوم هەتا لە پارك یا یەکێ لە چایخانەکاندا وەیدۆزم و بیهێنمەوە ماڵ. بە دوای رۆینی ئەویندارەکەمدا، سی دی ئۆپێڕای سالوومە، لە کارەکانی "ریشارد شتراوس" دەخەمە سەر زەبت*. لەسەر قەنەفە رادەکشێم و لاپەڕەی رۆمانی سالوومەی ئۆسکاروایلد هەڵدەدەمەوە و کاتێك کە هێرۆد لە سالوومەی دەوێ بە بۆنەی ئەو شەوە پیرۆزە سەما بکا، منیش هاوڕێی ئەو، سەمای حەوت حیجاب دەس پێدەکەم و لە ئاکامدا کاتێ کە سالوومە سەری بڕاوی یەحیا لە باوەش دەگرێ و ئەو لێوانەی رادەمووسێ کە لە سەردەمی ژیانیدا لە دەس لێدانی خۆی دەپاراست، ئەمنیش قابی

وێنەی ئەویندارەکەم لەسەر تەلەفزیۆن رادەکەم و لێوەکانی رادەمووسم. هەستی تۆڵە سەندنەوە و ئازاردەرانەی من لەو ساتەدا کەمتر لە هەستی سالوومە سەبارەت بە یەحیا نییە.

ئەمن و ئەویندارەکەم لەنێو "وان*"دا راکشاوین و لەشی خۆمان داوەتە بەر ئەو گەرما هێمنەی کە لە "وان"ەکەوە دێ و هێدی جگەرەکانمان بە با دەکەین. ئەویندارەکەم یەك بین دەئاخوێ و ئەمن بە سووکە بزەیەك و دەنگێکی کز وەڵامی دەدەمەوە. چاوم ناوەتە سەریەك و هێشتا لە خەیاڵی چەند سەعات لەمەوبەرم و لام وایە ئەگەر ئەویندارەکەم بیزانیبایە لەو دەمەدا بیر لە چی دەکەمەوە، ئاخۆ چی بەسەر دەهات. تەنانەت بیر لێ کردنەوەشی لەشم دەخاتە لەرزەوە. ئەویندارەکەم دەڵێ باشترە لە وان بچمە دەرێ“ چونکە رەنگە سەرمام لێدا.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشە لە چیرۆك بڕواننە فیلمی "بێوەفا" بە کارگێڕی "ئادریان لین"“ سێکانسێك کە کیژەکە لەنێو واندا راکشاوە و لە ناکاو چاوی بە نووسراوەی سەردڵی دەکەوێ. نووسراوێك کە لە کاتی خەوتنی دا، فاسقەکەی بە هۆی بەدفەڕییەوە لەسەر دڵی نووسیبووی. ئەم ساتە گرینگترین سات لە رەوتی پێکهاتنی پێوەندی ئەو و هاوسەرەکەیدایە. هەتا ئەودەمە گشت شتێ لە رادەی بەدفەڕی یا تەنانەت گاڵتەیەکەیدایە“ بەڵام کاتێ ئەو ئیسفەنجی حەمام رادەکا و ئەو دڵە کون بووە دەسڕێتەوە. پەی بە هێزی سێحراوی نهێنی کاری دەبا. لەوە بە دواوە پێی ناوەتە قۆناخێکی تری ئەم کایەوە. بەرلەوە رەنگبوو لە حاڵەتێکی بێ خۆ بوون یا نەشە بوون دا لە هەمبەر هاوسەرەکەیدا، دان بە هەموو شتێ دابنێ. بەڵام لەوە بەولاوە لە چێژی هەڵخرۆشانێکی شاراوە لە خەیانەت دا دەگا و وای لێدێ هەتا ئەم کایەیە بەردەوام مەترسیدارتر بکا.

ئەمن و ئەویندارەکەم دەس لەناو دەسی یەکتر لە میوانی دەگەڕێینەوە. ئەمن کراسێکی پێسیردارم لەبەردایە و ئەویندارەکەم وەك هەمێشە شەڵواری جین و تی شێرتی لەبەردایە. هەرتك بە یەکەوە بە دەنگی بەرز گۆرانی "ئەمشەو مانگەشەوە" دەچڕین. جاروبار رەتێك دەبەین و خۆمان بە قۆڵی یەکتر هەڵدەواسین و برێ جاریش لە پێکەنینان شاگەشکە دەبین. ئەویندارەکەم هەر کە دەگا بە وشەی خۆشەویستەکەم، برۆکانی تێك



دەنێ و بە سیمایەکی جیددییەوە قامکی بۆ لام رادەدێرێ و لە گەڵم دەدوێ. ئەمنیش بە دەنگێکی بە قەرا "ئۆکتاوێك*" نزمتر هاوڕێیەتی دەکەم.

بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەم پاژەی چیرۆك بڕواننە دیمەنی دەسپێکی فیلمی "چ کەسێ لە ویرجیینا وۆڵف دەترسێ". لەم دیمەنەدا "ئەلیزابێت تایلۆر" و "ریچارد برتۆن"، هەرتك لە هەوڵی ئەوەدان هەتا هەستی راستەقینەیان سەبارەت بە یەکتر شاراوە رابگرن و ئەم کارە بە گەپ و رەشقەنێك درێژە پێدەدەن کە ئەگەر وریاش نەبن بە سانایی لێیان دەبێ بە جنێو و قسەی سووك کە دیارە فەرامۆشیش بە هانایانەوە دێ. فەرامۆشی کارێ دەکا کە بیرەوەرییەکانی رابردوو تووشی ئاڵوگۆڕ بن و برێ جار دە هانای زەین یا هەستی زامارەوە بێن. هەستێکی سەرچاوەگرتوو لە مەرگی مناڵ، یا مناڵ لە بارچوون، یا خەیانەتێك کە هیچ کات بە دروستی لە قاو نەدراوە و روونە کە هیچ کاتیش لە قاو نادرێ.

ئەمن و ئەویندارەکەم لە ئاپارتمان دانیشتووین و بە خەفەتەوە جگەرە دەکێشین. ئەمن بە بێ وازی لە سەر قەنەفە رادەکشێم و جگەرە دەکێشم و ئەویش خەفەتبارتر لە نك شوومینە* پاڵ دەکەوێ و جگەرە بە با دەکا. خەفەت وەکوو لاولاوێك دەست و پێمان بە یەکەوە گرێ دەدا. ئەمن پێم باشە یەکێکمان ئەویتر جێ بهێڵێ “ چونکە لەم هەل و مەرجەدا زۆرجار یەکێ لە ئەویندارەکان ئەویتر تەنیا دەهێڵێتەوە. ئەویندارەکەم لەسەر کەلەکەی وەردەسووڕێ و دەڵێ سەبر و حەوسەلەی ئەوەی نییە لە شەقامەکاندا وێڵ بێ و ئەگەر ئەمنیش ماندوو بوومە دەکارم بەجێی بێڵم. بە ئەویندارەکەم دەڵێم عادەتەن پیاوەکان دەبێ ماڵ بەجێ بێڵن، بەڵام ئەویندارەکەم دان بەوەدا نایەنێ و لە هەمبەر پێداگرییەکانمدا بەو چاوە خومارانەوە هەر لێم دەڕوانێ. دیسان پێی دەڵێم ئیتر ناشێم هەروا بە خەفەتەوە جگەرە بکێشم و لە خەفەتبارانە جگەرە کێشانی ئەویش بێزم دەبێتەوە. ئەویندارەکەم مژێکی تر لە جگەرەکەی دەدا و دەڵێ بە بڕوای ئەو هیچ کارێکی تر بە رادەی جگەرەکێشان بەم جوانییە خەم و خەفەت وەڕوو ناخا. ئەمن لە کاتێکدا کە لێوی سەرەوەم بە هۆی زۆر تووڕە بوونەوە هەڵداوێ، دەچمە ژووری خەو و سی دی "سۆناتی سی بێمل شۆپێن" دەخەمە سەر پەخشی سەوت و لەسەر قەنەفەکە رادەکشێم و بیر لە چەند بابەتی هیچ و پووچ دەکەمەوە.

ئەگەر ویم وەندێرس فیلمی پاریس تێگزاسی لە چەند دیمەن پێشترەوە دەس پێکردبا، واتا لەو شوێنەوە کە ژن و مێردی چیرۆك تووشی پەژارە دێن. ئیوە دەشیان بۆ ئەم فیلمە بگەڕێنەوە. بەڵام ئێستا واباشە هەر بڕواننە ئەو سۆناتی سی بێمل مینۆر شۆپێنە. ئەم شوێنە کە نۆتگەلی چەنگ دەنگی یەك چەشنی باران و مەینەتباری شۆپێن لە دووڕگەی ماژۆرك بیر دەخاتەوە. ئەودەمەی شۆپێن لەو ویلایەی سەدەی شازدەهەمدا کە لەسەر ڕەوەزە بەرداندا هەڵکەوتبوو لە پشت پیانۆ دانیشتبوو و نۆتە خەماوی و وێرانکەرەکانی ئەم سۆناتەی دەنووسیەوە. تەنیا بیری لە شتێك دەکردەوە: مەینەتباری. مەینەتباری ئەوین. مەینەتبارییەکی لەچار نەهاتوو کە دوای سەردەمێکی درێژخایەنی ئەوینداری، دوای ئەم گشت خەیانەتانە، بێ ئاوەزیانە، لەبیر کردنانە، شەڕانە، مەستییانە و سەرخۆشیانە، بەرۆکی مرۆڤ دەگرێ و ڕێگە چارەیەك ناهێڵێتەوە جگە لەوە کە وەك شۆپێن، لە کاتێکدا گوێ لە دەنگی باران و وێك کەوتنی قەڵبەزەکان لەگەڵ ڕەوەزە بەردان هەڵدەخەی، بێ سەرنج دان بە لاساریەکانی ژۆرژساند، ئەو نۆتە مەینەتبارانەیە کە هەڵگری جۆش و خرۆشی تۆفانێکی وێرانکەرن، بێنییە سەر کاغەز. هەرچەند کە ڕەنگە ژۆرژساندیش لە هۆدەی پاڵدەستەوە خەریکی نووسینی چیرۆکێك بووبێ کە لەودا دڵدارێك بە هۆی خەم و خەفەتەوە ئەویندارەکەی دەکووژێ. بەم پێیە ئەمن لام وایە ئەگەر شۆپێن و ژۆرژساند لەجیاتی ئەوەی بچنە دووڕگەی ماژۆرك، بچوونایە ئارێل، ئەو شوێنەی ڤان گۆك ئەو گوڵە بەرۆژە جوانانەی لێ کێشاوە، بێ شك بەرلەوەی کارەکەیان بگاتە ئەو مەینەتە تاقەت پڕووکێنە، بەرەو ئەو شێتایەتییە دەچوون کە بێ گومان یەکێك ئەویتری دەکوشت یا هەر نەبێ وەك ڤان گۆك کە گوێی خۆی بڕی، یەکێك لەو دووانە ئەندامێکی لەشی لێدەکردەوە یان دەیبڕی.



## ئەنتیکەکان

قژە نارنجیەکانی بەسەر دەستەی قەنەفەدا پرژ و بڵاو کردۆتەوە و باسکی ناوەتە سەر چاوەکانی. بەم جل و بەرگە ساتێنە لیمۆییەی خەوەوە کە زۆرتر وە لیباسی شەو دەچێ و ئەو ماتیکە سوور کاڵە، وا دەنوێنێ گرینگییەکی پێنادا؛ بەڵام لەبیری ئەو دایە، وەك هەموو شەوێ، سەعات هەشت ئاوی بە خۆی داکردووە، حەبی خەوی خواردووە و لەسەر قەنەفە لێی رازاوە هەتا بچێتە سەردانی و ئەتۆ هەروا دانیشتووی و دە هەمبەر خۆتەوە راماوی.

چەند ساتێکی تر کە خەوی لێبکەوێ، پیاوە قولە ڕەشەکە لە کۆشکەکەیدا چاوەڕوانێتی؛ لەسەر یەکێ لە قالیچە هاوریشەمیەکان دانیشتووە و پاڵی وە باڵگە زێڕکفتەکە داوە، بێشك لە هەمبەری دادەنیشێ و پیاڵەی شەڕابی لە دەس وەردەگرێ و رانە لێك و لووسەکانی دەنێو جل و بەرگە ساتێنەکەی خەودا جێگۆڕکێ پێدەکا و... نەدەبا قەبووڵت کردبا، ڕەنگە خەتای ئەویش بووبێ. ئەگەر بەو رادەیە لەسەر ئەوە سوور نەبوایە خانووە کۆنەکەی سێ ڕێیانەی زەڕابخانە بفرۆشێ و بێنە ئێرە لە ژێر کێو دا ئاپارتمانێکی کەشخە بکڕن؛ ئەگەر ئەم سرامیکە بۆرانەی بۆ عەردی خانووەکە دیاری نەکردبا، ئەگەر ئەو قەنەفە ڕەنگ پیرۆزەییەی لەوێ لەبەر پەنجەرە دانەنابا؛ ئەگەر دیوارەکانی خانووەکە بەم رادەیە سپی نەبووبان، هیچ کات ئەو خەونەت نەدەدی.

لە کووچە و کۆڵانەکانی شاری دێرین دا پیاسە دەکەی، بێ ئەوەی بزانی بۆ کوێ دەچی. وەك گەڕۆکێکی ڕێی دە شارێکی چکۆڵەی ڕەخ زەریا کەوتووە و دەزانی چەندین حەوتوو دەرفەتی هەیە سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی شار دا بکا، هێدی و لەسەرخۆ لەنێو غورفەکاندا دەگەڕێی و لە قۆنگرەی میچی دووکانەکان ورد دەبیەوە کە بە شکڵ و شێوەگەلێك دەنێو یەك دا هەڵکەوتوون. شێوەی ئەو شارانە دەدا کە دە وێنەگەلی کتێبەکاندا بینیوتە؛ بەڵام کتێبەکەت بیر نایەتەوە. پیاوگەلێکی لەڕی سمێڵ قەیتانی و

ئارەقچنی گوڵدووزی کراوەوە لەنێو غورفەکاندا دانیشتوون و بە زمانێکی سەیر، شتێکی نێوان عەرەبی و عیبری دەئاخۆن، ڕێبوار گەلێکی وەك تۆش بەوێدا تێدەپەڕن، بەڵام هەر دەڵەی یەکتر نابینن. ئەتۆ بێ فکر و بیر بە نێو غورفەکاندا دەگەڕێی و شت و مەکەکان هەڵگێڕ وەرگێڕ دەکەی و کووتاڵە زێڕ کفتەکان لەنێو بۆی عوود و ئەدوا دا بە پێش چاوتا تێدەپەڕن کە لەپڕ هەست دەکەی شتێکی نامۆ هەر لەو نزیکانە ئەتۆ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ، پەیکەرەی فیلێکە لە داری سەندەل کە ئەقیقێکی بە نێو چاوانییەوەیە. فیلە بە خەفەتەوە لێت دەڕوانێ. فرۆشیار لە هەمبەر سککەیەکی شین شینك نیشان دا پێتی دەفرۆشێ. تەنیا سککەیەکی کە لە گیرفانی شەڵوارەکەتدایە و ئەو بەوە نازانێ لە کوێت هێناوە. فیلە دارینەکە دەبەیە ژوورەکەت لە هوتێل دا و لە سەرەوەی قەروێڵە لەسەر مێزی دادەنێی. لەسەر قەروێڵە ڕادەکشێی و هەر زۆر زوو وەخەبەر دێیەوە.

لەسەر دۆشەگی نەرم و نیانی پاڵ تۆ دا ڕاکشاوە و مەلافەکانی دە خۆی وەرپێچاوە. هێشتا هەر گێژی ئەو خەوە سەمەرەیەی. جگەرەیەك لە عەرد ڕادەکەی و دایدەگیرسێنی و لە تابلۆ ئابێسترێکەی هەمبەر قەروێڵەکە ڕادەمێنی. نەدەبوایە بۆت باس کردبا " بەڵام کردت. بانگت نەکرد. دەتزانی خەریکە گوێی پێدەدا. ڕووداوەکەت موو بە موو بۆ باس کرد.

خولێك دەدا و ئانیشکی دەخاتە ژێر سەری. جگەرەکە لە دەستت وەردەگرێ و لە فیلە دارینەکە دەپرسێ. کە ئاخۆ لە سەندەلی ڕەسەن دروست کراوە و نەقیمە ئەقیقەکەی چەند قیراتە، تۆ دەڵێی نازانی. بە تەواوی دڵی پێداوە، لە پێخەفەکەی دێتەدەر، لە چاوترووکانێك دا جل و بەرگی خەوی دادەکەنێ و دەچێتە حەمام. وا نەرم و شل دەجووڵێتەوە کە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. شادییەکی نامۆ لەخۆیدا هەست پێدەکا. تێشت دەخۆی و دەچیە سەرکار. شەو دەڵێ نرخی ئەو پەیکەرە هەر نەبێ سێسەد هەزار تمەنە. سەرلەبەری ڕۆژێك لەنێو ئەنتیکەفرۆشی یەکانی شەقامی مەنووچێهری خولاوەتەوە هەتا نرخی فیلی دارینەی دەسکەوێ. لەوەی کە شیاوی تەنیا بە سککەیەکی شین شینك نیشان ببیتە خاوەن ئاوا پەیکەرەیەك، پیرۆزباییت پێدەڵێ و پێشنیار دەکا بە بۆنەی ئەم ڕووداوە لە خواردنگەی* چینی شیو بخۆن.



شیو لەژێر ڕووناکایی فانۆسە قاقەزیە سوورەکاندا دەخۆن. چاوەکانی لەژێر دەسماڵە کەوگەکەیدا* زۆرتر لە هەموو دەم دەدرەوشێنەوە. کوتە مێگووەکان لەسەرخۆ و بە پارێزەوە دەخاتە دەمی هەتا خەتتە سوورەکەی سەر لێوی تێك نەچی و بێ نێوبڕ لەمەڕ کەرەستەگەلی ئەنتیکەوە دەدوێ کە لە بازاڕ دا دیویە و ئەتۆش لەودەم و چاوە تریفە دارە و کرانەوە و وێك کەوتنەوەی لێوەکان ورد دەبیەوە و دەکەویە بیر خانووبەرەکەی سێ ڕێیانەی زەڕابخانە و بەردە کارەباییەکانی عەرد و ئەو مۆبڵە دارینە کاردۆژە* کراوانەی کە لە مامتەوە بۆت بە میرات ماوەتەوە.

دیسان هەر ئەو بازارە دێرینە، ئەو بۆن و ئەو دەنگە سەیر و سەمەرانە و ئەو فرۆشیارە سمێڵ قەیتانیانە و دیسان ئەو دەنگەی سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و ئەمجارە لە چرایەکی برنجی، شتێکی وەك چرای عەلائەدین بە نەقیمگەلی سەوز و سوورەوە و دیسان هەر یەك سککەی شین شینك نیشان لە باتی ئەو دا.

بەیانی پێش ئەوەی لەخەو هەستی، بە شەربەیەکی تەزی لە ئاو پرتەقاڵ لەپاڵت دانیشتووە. پرسیاری خەوەکەت دەکا و ئەتۆ باسی چرا برنجیەکە دەکەی و ئەو هەنییەت ڕادەمووسێ و هەمیسان بە کەیف و خوشییەوە جل و بەرگی لەبەر دەکا و وەدەر دەکەوێ.

خۆشی خۆشی دەستی دەخاتە ملت و وێنەی ئەو چرا سێحراویە لەو کتێبەی کە هەر ئەو ڕۆژە کڕیویە پێشانت دەدا و دەڵێ گشت ئەنتیکە فرۆشییەکانی شاری پشکنیوە هەتا توانیویە تەنیا وینەیەك لە شێوەی ئەو چرا برنجیە بدۆزێتەوە کە لە مووزەیەکی ناو بەدەرەوە دایە و ناکرێ نرخی دروستی بۆ دیاری بکرێ، بە بۆنەی ئەم ڕووداوەوە شیو لەبەر هەیوان دەخۆن " لەنێو بۆی گوڵە داودی و شەمە کافووریەکان و درەوشانەوەی قژە پڕ چین و کرژەکانی کە بە نێو شانە ڕووتەکەیدا پرژ و بڵاوی کردۆتەوە، ئەتۆ ئیتر بیر لە خانووبەرەکەی سێ ڕێیانەی زەڕابخانە و گێچ بڕییە کۆن و دەرگەی دارینە و شووشە کارییە ڕەنگیەکانی ناکەیەوە.

هەر ئەو بازاڕە دێرینەیە و ئەو بۆنانە و ئەو دەنگە سەمەرانە و هەمیسان ئەو دەنگەی جاران سەرنجی تۆ بەخۆیەوە خەریك دەکا و ئەو سککە شین شینك نیشانە و ئەمجار

لەجیاتی شەش ئاگرێکی* کۆنی دەسك زێوین. شەش ئاگرەکە دەبەیەوە ژوورەکەت لە هوتێل دا. و لە ژوور قەروێڵەکەت هەڵیداوەسی و زۆر زوو دەخەو رادەچی.

بەیانی درەنگتر لە رۆژان رادەبی. جل و بەرگی لەبەر کردووە و ئامادەی رۆیشتنە. فینجانی قاوەت دەداتە دەست و پێناسەی شەش ئاگرەکەت بە پەلە لێ دەپرسێ و لە دەفتەرچەی یادداشت دا دەینووسێتەوە و کوڵمەت رادەمووسێ و وەدەردەکەوێ. شەو دوای ئەوە جارێکی تر بە وردبینییەوە لەمەڕ نەخش و نیگاری زێوینی شەش ئاگرەکەوە دەپرسێ؛ ئاخری وەك منالآن خۆشی خۆشی دەست دەخاتە ملت و دەڵێ هەنووکە ئیتر دڵنیایە کە ئەو شەش ئاگرە هی شا عەبباسی یەکەمە و حەفتا ساڵ لەمەوبەر لە مووزەیەکی هیندوستانەوە دزراوە، هەموو بە شوێنی دا گەڕاون. ئەو لەوەی کە شیاوی تەنیا بە سککەیەکی شین شینك نیشان وە دەستی بێنی پیرۆزباییت پێدەڵێ. کوڵمەکانی بە لەپی هەرتك دەست دەگری و لەو چاوانەی کە زێدەتر لە گشت دەم و ساتێ دەدرەوشێنەوە، ورد دەبیەوە.

شەوی دواتر دەڵێ گەرەکیە هاورێیت بکا هەتا گشت ئەو شتانە لەنزیکەوە ببینێ و هەستیان پێ بکا. هەرتك حەبی خەو دەخۆن و سەرتان دەخەنە سەر باڵگەیەك و لەیەك سات دا لەخەو رادەچن.

لەنێو بازاڕە دێرینەکە دای، بەڵام ئەو لە تەکتا نییە. چەند سەعات لەنێو غورفەکاندا دەخولێیەوە و کوتاڵگەلی زێڕکفت و کەرەستەی کۆن و لەمێژینە هەڵگێر وەرگێڕ دەکەی، بەڵام نە ئەو دەدۆزیەوە و نە دەنگێك بانگت دەکا. دەگەڕێیەوە هۆدەکەت لە هوتێل دا کە ئێستا ئیتر تەژییە لە کەرەستەگەلی ئەنتیکە کە لە ماوەی مانگێك دا کڕیوتن. سککەی شین شینك نیشان لە گیرفانت دەردێنی و لەسەر پاتەختیی نێوان پەیکەرەی مسینی بوودا و گوڵدانی میناکاری دادەنەی و خەو دەتباتەوە.

بەیانی بە گرژ و مۆنی لەپاڵ تۆ رادەبێ و بێ ئەوەی قسەیەك بکا، دەچێتە حەمام. بە دەم تێشت خواردنەوە گازندەت لێدەکا کە گرینگیت پی نەداوە و چەندین سەعات لە بازاڕ دا چاوەڕوانت بووە. دەڵێی ئەو شوێنەی کە ئەو چۆتێ رەنگە بازارەکەی خەونەکەی تۆ نەبووبێ، بەڵام دڵنیایە کە رێك هاتۆتە ئەو بازاڕە و ئەو لای وایە تۆ بەڕادەیەك مژوولی*



تەماشای شت وەمەك بوویە کە ئەوت لەبیر کردووە. شەو هێدی هێدی دەستەکانت دەنێو قەدی وەردێنی و قژە نارنجیەکانی رادەمووسی و شتێکی بە گوێیدا دەچرپێنی. بەیەکەوە و لەیەك ساتدا خەوتان لێدەکەوێ.

هەر ئەو بازاڕە کۆن و دێرینەکە و هەر ئەو بۆنانەی کە سەری مرۆڤ دەگێژەوە دەخەن. چەند سەعات لەنێو بازاڕدا دەخولێیەوە و سەر بە گشت غورفەکاندا دەکەی؛ بەڵام دیسان شوێنەوارێك لەو نادۆزیەوە. ئیدی وردە وردە خەریکە دڵنیابی کە ئەو لە خەونێکی تر و لە بازاڕێکی تر دایە کە لەناکاوێك هەر تەنیا بۆ ساتێ تارماییەکی ئەو لە دوورەوە دەبینی. هەر ئەو جل و بەرگە لیمۆییەی خەوی لەبەر دایە و قۆڵی دە قۆڵی پیاوێکی رەش پێست هەڵکێشاوە.

بەیانی بەر لەو رادەبی. قۆڵەکانی بۆ سەرێ بردووە و خستوویەتە نێو قژە پرژ و بڵاوەکانی و بزەیەکی نامۆی لەسەر لێوە. وەخەبەر دێ و بێ ئەوەی قسەیەك بکا، دەچێتە حەمام. ئەتۆ هێشتا هەر لەنێو قەروێڵەدا رازاوی و جگەرە بە با دەکەی کە بە خاولێیەوە لەپاڵ تۆ لەسەر قەروێڵە دادەنیشێ و دەڵێ: هەر لە سەرەتاوە لەوەی کە ویستوویە بێتە خەونەکانی تۆوە، بیرێکی گەوجانە بووە و دەڵێ: بە بڕوای ئەو رێی تێناچێ کەسێ بچێتە خەونی یەکێتر و بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێك بێ. جل و بەرگی لەبەر دەکا و دەڕوا. شەو لەپاڵ ئەودا رادەکشێی، بێ ئەوەی دەستەکانت بخەیە ملیەوە یا قژەکانی بلاوێنییەوە، لە خەو رادەچن.

بازاڕ هەر ئەو بازاڕە دێرینەیە. بەڵام ئەمجارە لە پشت دیوارێکدا لێی خەفتاوی. قۆڵی لە قۆڵی پیاوە رەش پێستەکە خستووە و بەدەم پێکەنینەوە لە نێو بازاڕدا دەخولیتەوە. پیاوە قولە رەشەکە بە فیز و ئیفادەوە بە تەنیشتیەوە دەڕوا و هێندێ جار بە هێما شتێکی پێشان دەدا. ئەو سەری با دەدا و پاشان چەند پیاوی کزەڵۆکە کە لەدوایانن، شتە ئاماژە بۆ کراوەکە دەخەنە نێو کەژاوەیەك و هەمیسان درێژەی رێگە دەگرنە بەر. دەگەڕێیەوە ژووری هوتێل و لەسەر قەروێڵە رادەکشێی و لەنێو کەل و پەلە ئەنتیکەکانت دا خەوت لێدەکەوێ.

بەیانی هەر هیچی وەڕووی نایەنییەوە. ئەویش بێ ئەوەی قسەیەك بكا تێشت نەخواردوو جل و بەرگی لەبەر دەكا و وەدەر دەكەوێ. ئەتۆ بڕیاری خۆت داوە ناچیە سەر كار. دەزانی هەتا شەوێ ناگەڕێتەوە. قوتووی حەبی خەو رادەكەی و بە دەم تێشت خواردنەوە پێنج حەبی خەو دەخۆی، دوای نیو سەعات پێلووەكانت قورس دەبن. لەسەر قەنەفە رادەكشێی و دەخەو دەتباتەوە.

شەوە و زۆربەی غورفەكان داخراون. نێو و نیشانی قولە رەشە لە رێبواران دەپرسی. پیاوێك كە شێوەی جووكیەكانی هیندی دەدا، بە هێما و ئاشیرە نێو و نیشانێكت پێ دەدا.

ماڵەكەی چەشنی كۆشكی پاشاكانی هەزارویەكشەوە" بە شووشەگەلی رەنگی و فەڕشی هاوریشمی و تاقی قۆنگرەداری ئاوێنە بەند، پەیكەرەی مەڕمەڕ و برنجی و تابلۆی میناكاری و قاپ و قاچاغی سواڵەت، جێ جێ لەسەر رەفی دیوارەكاندا ریز كراون، لە ژوورێكی نهۆمی سەرەوەدا دەنگی مۆسیقا دەبیسرێ. لە پێپلەكانە پێچەڵپێچەكان وەسەر دەكەوی و ئەو دەبینی كە لە لای سەرەوە لەسەر فەڕشێكی هاوریشم دانیشتووە و پاڵی وە باڵگەیەكی زێڕكفت داوە. ئافرەتێك لە لای راستی دانیشتووە و عوود دەژەنێ و ئافرەتێكی تر چەنگ بە دەست لە سووچی هۆدەیەكی تر دایە. دەست لەسەر سینگ لە چاوانی درشت و سپیلكەی ترس هێنەر و بە سامی دەڕوانی. بۆ ساتێ نیگای لە نیگات دەهاڵێ. مۆسیقا ژنەكان بە هێمای سەر ئیزن دەدا. لە هەمبەری دادەنیشی و پیاڵەی شەڕابت خولّق دەكا. لێی وەردەگری. بزەیەكی بە پانایی دەم و چاوی لەسەر لێوە و هەر بەو چەشنە كە پیاڵەكە وردە وردە بۆ لێوی دەبا، دەڵێ دەزانێ بۆچ چوویەتە سەردانی. دەڵێ هاوسەرت ئافرەتێكی شیرنە و شارەزاییەكی فرەی لە بەستێنی كەل و پەلی ئەنتیكەوە هەیە و لەو كاتەوە ناسیاوی لەگەڵ پەیدا كردووە، لەوەی كە گەلێك رۆژان لە كووچە و كۆڵانەكانی شاردا بخولێتەوە و ئەنتیكە بكڕێ كەیفێ دەكا.

مرۆڤێكی بە ئەدەب و نەزاكەت و خاوەن ئاكار و كردەوەی دۆستانەیە. بانگێشتنت دەكا هەتا هۆدەكانی دیكەی كۆشكی خۆییت پێشان بدا. گشتی ئەو هۆدانەی كە بەسەر یەكەوەن بەسەر دەكەنەوە و ئەو زوو زوو لەبەر شتگەلە جۆراوجۆرەكاندا دەوەستێ و



بۆتیانی شی دەكاتەوە كە هەر كام هی چ سەردەمێكن و چۆن توانیویە وەدەستیان بێنێ. دەڵێ لە ئەفریقیای باشوور خاوەن كارخانەیە، بەڵام گەلێك ساڵە خووی بەوە گرتووە لە خەونەكانیدا بێتە ئەم شارە دێرینە و ئەنتیكە بكڕێ. لە پاشان دەڵێ بەو مەرجەی تۆ هەموو ئەم ئەنتیكانەی لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا كڕیوتن پێی بدەی ئەویش ئامادەیە رێگە بە هاوسەرەكەت نەدا بێتە خەونەكانی. دەڵێ چۆن ئەم هەموو ساڵە بە شوێن ئەو پەیكەرە فیلە یا ئەو چرا برنجیە دا بووە و گەنجینەكەی بە بێ ئەوانەوە زۆر ناتەواوە. دەڵێی كە دەبێ بیری لێ بكەیەوە. بە بۆنەی میوانداریيەكەی سوپاسی دەكەی و دەگەڕێیەوە ژوورەكەت لە هوتێل دا. لەسەر قەروێڵە رادەكشێی و جگەرەیەك دادەگیرسێنی. تابلۆی میناكاری و پەیكەرەی برۆنز و مەڕمەڕی چوار دەوری تەنیوی. فیلی دارینە هەروا بە خەفەتەوە لێت دەڕوانێ و دەسكی زێوینی شەش ئاگری شاعەبباسی لە ژوور سەرتەوە دەبریسكێتەوە. دەكەویە بیر قژە نارنجیەكانی هاوسەرت و بیر لە تریسكانەوەی چاوەكانی ژێر دەسماڵی كەوگ و سرامیكە بۆرەكان و دیوارە سپیەكانی ماڵەكەتان دەكەیەوە و سێ رێیانەی زەڕابخانەت بیر دەكەوێتەوە. یادێك لە پەنجەرەی شەبەكداری رەنگی و بەردی كارەبایی عەرد و پەتە دەسكردەكانی دایكت دەكەیەوە بڕیاری خۆت دەدەی و دەڕازێی.

ئێستا ئیتر ماوەیەكی زۆرە لەتەك یەكا شیوتان نەخواردووە. كاتێ لەسەر ئیش و كار دێیەوە ماڵ. ئەو شیوەكەی لەگەڵ حەبی خەو خواردووە و لەسەر قەنەفە تخێل بووە و دەستەكانی ناوەتە ژێر سەری و خەوی لێكەوتووە. هەمێشەش ئەو بزە غەریبۆكانەی لەسەر لێوە، هەروا كە لە تابلۆی ئابسیترەی هەمبەر مێزی چێشت خۆری راماوی، شیوەكەت بە تەنیا دەخۆی و دەڕازێی.

هەموو شەوێ لەنێو ئەو بازاڕە دێرینە دا دەیبینی كە قۆڵی دە قۆڵی قولە ڕەشە كارخانەدارەكە دایە و لەنێو غورفەكاندا دەخولێتەوە و ئەنتیكە دەكڕێ.هەول دەدەی چاوتان لێك هەڵنەنگوێ. ئەویش هەروەتر.

## شەمشەمە کوێرەکە

لەم چیرۆکە دا قەتڵێك روو دەدا. هەڵبەت پێت وانەبێ چیرۆکی گێڕانەوەی قەتڵێکە. نا، رێك هەر لەم چیرۆکە دا، لەنێو ئەم دێرانەی لەمەودوا دێن، قەتڵێك دەقەومێ. ئەرکی تۆ ئەوەیە کە بەدەم خوێندنەوەوە، بکوژەکە ون نەکەی.

خۆت حازرکە هەتا مرۆڤ کوژییەك لەبەر چاوانتەوە روو بدا. پێم خوشە لەوپەڕی ترس و دڵەخورپێ دابی. ئەمن هەر ئێستا بکوژێك*، کوژراوێك و پۆلیسێك دەخولقێنم. ئەوانە هەموو پاژێك لە بوونی منن. لە ئێستاوە ئەوەت پێ بڵێم هیوای ئەوەت نەبێ پۆلیس پەی بە راز و نهێنی قەتڵەکە ببا، چونکە بکوژ منم. هەروەتر ئەو چاوەڕوانییەشت نەبێ هەروەك چیرۆکە جینایییەکانی دیکە لەیەك کاتدا هەردوو لایەنی زەمانیی کارەساتەکە بخرێتە روو. ئەتۆ هەمێشە خوێندۆتتەوە:"سەعات یازدە و سی دقیقەی نیوەشەو لە شەقامی پێنجەمی یۆسف ئاوا ئافرەتێك کوژراوە.»

کاتێ خوێندنەوەی چیرۆك دەست پێدەکەی، سەرنج راکێش ترین بەشی رووداو کۆتایی پێ هاتووە، مرۆڤ کوژییەکە کراوە و ئەتۆ وەکوو جرجەمشکێك بێ دەرەتان دەبێ بە شوێن پۆلیس دا رابکەی هەتا رووداوەکان بە یەکەوە بلکێنی.

نا، دڵنیابە، ئەم رووداوە لێرە ناقەومێ. لەم چیرۆکەدا و لەبەر چاوانی تۆدا مرۆڤێك دەکوژرێ. بەڵێنت پێدەدەم هەتا دوایین دێری چیرۆکەکە نەکاری چاو لە دێرەکان هەڵبڕی. تەنانەت رەنگە لەبەر پەشۆکانی لەڕادەبەدەرەوە تووشی نزگەرە بێی. ئەتۆش بەڵێنم پێ بدە لەنێو دێرەکاندا ونم نەکەی.

سۆزی نزیك سەعات شەشی دوانیوەڕۆ، لە دەوروبەری شەقامی نارمەك پێژۆیەکی سورمەیی لەبن پێی پیاوێك دەوەستێ کە لەو ناوەدا پیاسە دەکا. شۆفێری پێژۆ



ئافرەتێکە کە خۆی لەوپەڕی جوانی داوە" چاویلکەیەکی مەزنی دژ هەتاوی لەچاو دا کە بەشێکی زۆری دەم و چاوی داپۆشیوە. ئەوە منم. ئافرەتەکە ناو و نیشانێك لە پیاوەکە دەپرسێ. ئەویش لە رەخ پەنجەرەی ماشێن دا دێتەوە و ئافرەتەکە رێنوێنی دەکا. لەو دەمە دا پزووسکەی ئاورێك لە پشت چاویلکەی دژ هەتاوی ئافرەتەوە دەبریسکێتەوە و هەستی نەبوونی هیچ قازانج و فایدەیەك چەشنی ماددەیەکی سڕکەر لە دەمارەکانی پیاوەکە دا دەکەوێتەگەڕ.

ئافرەتەکە خۆی وا گێژ و نەزان دەنوێنێ کە لە ناو و نیشانەکە ناگا. پیاوەکە سواری ماشێن دەبێ هەتا ئافرەتە رێنوێنی بکا. ئەو، کوژراو، دەتوانێ هەر پیاوێك بێ کە سۆزی نزیك سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ لە دەوروبەری شەقامی نارمەك دا بێ و بچێ.

نیو سەعات دواتر من و کوژراو بە رێگەی ئابعەلی دا بەرەو دەرەوەی شار وەڕێدەکەوین. کوژراوەکەم شەڵواری جین و فانیلەی چوار خشتەکی دەسکردی لەبەر دایە. ئەمن سووکە بزەیەکم لەسەر لێوە و ئەویش بزەیەکی گێژانە. کوژراوەکەم بێ پشوو لە بابەت کار، ماڵ، وەرزیشی دڵخواز، مۆسیقای دڵخوازی و... دەئاخوێ و پرسیارگەلی گەوجانە لەمن دەکا. ئەمنیش لەجیاتی ئەوەی وەڵامی بدەمەوە هەر بزەم دێتێ و بزەی ئەویش گێژانەتر دەنوێنێ. لەو نێوە دا لەسەرخۆ دەستم دەخەمە سەر پاڵگەی سەندەڵی و شرینقەیەك لە دەمارەکانی پشت ملی رۆدەکەم. وەك "شەمشەمە کوێرەیەك". پێژۆی سوورمەییش نێوسەعات دواتر وەڕێ دەکەوێ. هاودەمی لەتەك کوژراودا بێ شك زۆر بەتام و چێژە، شرینقەکە خاوەن ماکێکە کە پیاوەکە چەشنی پەیکەرەیەکی بەردینی لێدەکا. ئەو هەر بە سووکە بزە و چاوی رەزامەندییەوە دە پێشەوە دەڕوانێ و ئەمن دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵدەڕێژم، کوژراو زۆر لەسەرخۆ گوێ لە قسەکانم دەگرێ. ئەو باشترین بیسەری دنیایە. بێگومان هەر لەو ساتەدا کە لا دەدەمە رێگە لاوەکیە بەرجەوەند خۆشەکە، رۆژ ئەوە خەریکە ئاوا دەبێ. شکی تێدانییە رێگەیەکی لاوەکیش لە دەوروبەری رێگەی ئابعەلی دا هەیە کە رەنگبێ بەرەو

کارخانەیەکی چۆلکراوی کۆنسێرو چێکەریدا بڕوا. ڕێگەیەکی لاوەکی کە چغوورێك* بێ لە دارگەلی سپیدار. ئەمن دەڵێم: "شوێنێکی چەند خۆش و دڵگرە!" و هەوای عەتراوی ڕۆژئاوای هاوین پڕ بە سییەکانم هەڵدەمژم. چەند خۆش دەبێ ئەگەر بزانم ئەم هەوایە تەنیا تایبەت بە خۆمە. پاڵدەستەکەم قەت هیچ هەوایەك هەڵنامژێتە نێو سییەکانی. خولانەوە لە دەوروبەری شاردا هاوڕێی جەنازەیەك چەند خۆشە. لە وەڵامی هەر ڕستەیەکی کە ئەمن بیڵێم ئەو هەر ئەو بزە دڵخۆشکەرەوەکەی لەسەر لێوە، هەر دەڵەی بزەکەی تەنیا بە هۆی قسەکەی من ناوەتە سەر لێو. هیچ بیسەرێك وەك بیسەرێکی مردوو نییە؛ بەتایبەتی  ئەگەر ئاوا بزەیەکی لەسەر لێو بێ.

ماشێنەکە دەدەمە قەراخێك و لە ژێر نسێی سپیدارێك ڕایدەگرم. لە ماشێن دادەبەزم. هەوایەکی چەند دڵگرە! دەستمی بۆ ڕادەتەکێنم:"بۆچ دانابەزێ؟"

دەرگەی ماشێنی بۆ دەکەمەوە، وەك پەیکەرەیەکی بەردین بەردەبێتەوە. لە حاڵەتی دانیشتنەوە کەوتۆتە سەر لاتەنیشتی  مردووەکەم ئەگەر زۆر قورس نەبێ، دەشێم بە هێزێکی زیاترەوە ناچاری بکەم هەر بە دانیشتنەوە پاڵ وە دەرگەی ماشێن بدا. ئەودەم دەکارم لەسەر تاتە بەردێکی هەمبەریدا دانیشم. ئەگەر لەبیرم بمێنێ و فلاکسی چا لە تەك خۆم ببەم، دەتوانم چاش بخۆمەوە، دیسان جارێکی دیکە دەس بە قسە بکەمەوە. پیاوەکان قەت ناتوانن گوێ بۆ هەموو وتەکانی من هەڵخەن، مەگین کەسانێکی وەك ئەم پیاوە. هەمێشە کاتێ لەگەڵ کەسێ دەئاخۆم، گەرەکمە گوێگرەکەم لەچاوانم ورد بێتەوە. ڕاستەوخۆ و بێ چاو تروکاندن. ئافرەتان هێندێ جار بە هێمنییەکی تەواوەوە ئەم کارە دەکەن؛ بەڵام پیاوەکان زۆرجار نیگایان دەدزنەوە. لە جەرگەی ڕستەیەکی ئێجگار گرینگ نیگایان بەرەو شوێنێکی تر دەچێ یا بە شوێن پاکەتە جگەرەکەیاندا دەگەڕێن. لەم حاڵەتە دا تاڕادەیەك بۆم دەس نادا درێژە بە وتەکانم بدەم. بەڵام ئەم یەکەیان هەر ئێستا ڕاستەوخۆ لە چاوانم ڕاماوە و سووکە بزەیەکی جوانیشی لەسەر لێوە. دڵنیام کە بە تەواوی هەستەوە گوێ لە وتەکانم دەگرێ. ئەو باشترین بیسەری



دنیایە. دەردی دڵ لەگەڵ کووژراوە بەردینەکەم بەو بزە بێ وێنەیەی سەر لێوی و لەم دوانیوەڕۆیەی هاوین دا چەندە بەتام و چێژە.

سۆزی دەبێژمە کوژراوەکەم خەیاڵی ئاسوودە بێ پۆلیس قەت نامدۆزێتەوە. چونکوو من بکوژ - نووسەرم و چەند ساتی تر نەدیو دەبم. پۆلیس هەر چەندیش بە هۆش بێ، ناتوانی پەی بە شوێنەکەم ببا، چون ئەمن پارێزگاریم لێ دەکرێ. لەم چیرۆکەدا قەت ڕووداوێك بۆ بکوژ ناقەومێ، تەنانەت بۆ کوژراویش. ئەتۆش ئەی کوژراوە بە هەڵکەوتە چارەڕەشەی من خەمت نەبێ، لێرە لەوپەڕی ئاسوودەیی دا دەتوانی دانیشی و گوێ لە وتەکانم بگری. پۆلیسیش دەتوانێ بەو زگە زلە و بارانی و شاپۆیەوە بە شوێن کوژراوی بە هەڵکەوتی بکوژ - نووسەر دا بگەڕێ.

گەرەکمە تا هەتایە لەوێ دانیشم و لەگەڵ پیاوە پەیکەرئاساکەم بدوێم. سۆزی پێی دەڵێم شێوە ڕۆیشتنەکەییم لە قەراخ مەیدان دا بە دڵ بووە، کە حاڵەتێکی ئازاد و ڕاحەتی بووە، حاڵەتێك لە بێ فکری کە هەر ئەوەش ختووکەی خستە دڵمەوە کە سواری بکەم. و چەندی لە بەبەرد کردنی پیاوێکی جوان  بەو حاڵەتە ئازادەی کە لە کردەوەیدا دەبینرێ چێژ وەردەگرم. لەمەڕ ناشتنیشی دەبێ لەگەڵی بدوێم. ڕەنگە سووتاندنەکەی پێ خۆشتر بێ. ئاوا بۆ من ڕاحەت ترە. دەتوانم بە چوار لیترییەك بێنزین کارەکە یەك لا بکەم.

حەز دەکەم جارێکی تریش لە تەکیا بدوێم، تا هەتایە. ئەو باشترین بیسەری دنیایە. لەبەرئەوە ئەمن سۆزی پێی دەڵێم قەتڵەکە لە سەعات شەشی دوانیوەڕۆی ئێمڕۆ، بەڵکوو نزیك سەعات یازدە و نیوی دوێ شەو لە کاتێك دا کە تۆ خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکی قەتڵی کوژراوە بە هەڵکەوتەکەی من بووی و هەستت بە گشتی بە شوێن ئەوەدا بوو کە ڕاز و نهێنی کوشتنەکە لەنێو دێرەکاندا بدۆزیەوە، ئەمنی بکوژ — نووسەر، لەکاتی نووسینی چیرۆکی کوشتنی کوژراوە بە هەڵکەوتەکەم، ئەو قەتڵە ڕاسەقینەیەم لەدەس قەوما. قەتڵێکی ڕاسەقینە و بە هۆگەلی تەواو تاکەکەسیەوە.

کوژراوە بە هەلکەوتە بەستەزمانەکەی سبەینێی من تەنیا دیزە بە دەرخۆنەیەك بوو بۆ ئەو قەتلّە سەرەکی و تاکەکەسیەی کە ئەمن لە کاتی نووسینی قەتلّی سۆزی دا لە دەستم قەوما.

قەتلّی تاکەکەسی نیوەشەوی دوێنی دروست لەو دەمەدا قەوما کە ئەمن خەریکی نووسینی قەتلّی سەعات شەشی سۆزی بووم. لە حالّێك دا کە ئەمن لە پشت مێزی هۆدە دانیشتبووم و مژوولی  نووسین بووم، کوژراوی راسەقینە چایە ژاراوییەکەی قوم قوم دەخواردەوە.

قەتلّێکی بەتام و چێژ بوو، فرە بە تام و چێژ. چونکە بە هۆگەلی تەواو تاکەکەسی بەڕێوە چوو. پاککردنەوەی حەسابێکی تاکەکەسی بوو. مێرێك بوو کە گەرەکم بوو گەلێك لەمەوبەر مردبا. پێم خۆش بوو بە شێوەیەکی زۆر ناحەز و بێ لەزەت بمرێ، تاڕادەیەك بە ئاواتی خۆم گەییم. کوژراوی راسەقینەی من بە دوای خواردنەوەی چایە ژاراوییەکەی دا، رێك لەو دەمەی دا کە ئەمن دوایین وشەکانی ئەم چیرۆکەم دەنووسیەوە، لە هۆدەی پالّدەست دا پان بۆتەوە. رەنگی دەم و چاوی ببووە بنەوشی تاریك، دەکرێ بلّێین هاورەنگی کراسە سورمەییەکەی و زمانی بەو چاوە جوان و زەقانەوە نزیك پێنج سانتی مێتر بە کەلێنی ددانەکانیدا کە بە سەریەکەوە قفلّ ببوون هاتبووە دەرێ".

قەتلّێکی چەندە خۆش و بەتام بوو، بێ ئەوەی بچووکترین هەلّەی تێدابێ" قەتلّێك کە گشت هۆیەکانی لەژێر دێرەکانی قەتلّەکەی تردا شاراوەتەوە و هیچ کەس هیچکات دە راز و رەمزەکانی ناگا. نە پۆلیس و نە تۆ، کە ئەمنت لە گەرمەی چیرۆکەکەدا ون کرد.

شەمشەمەکوێرە نازناوی کوڕێکی قاتلّ بوو کە لە تاران کچ و ژنی دەدزین و دەیکوشتن. ئەو کەسە لەعەینی نهێنی بوونی دا هێندە ناسراو و ترسێنەر بوو خەلّك پێیان دەگوت "شەمشەمەکوێرەکە" . وەرگێڕ



## حەوت پاژی زانای گشتی

لەو دەمە دا  کە دەستی شیوا هەلّاتەوە و داهاتەوە سەر گۆنای چەپی سیامەك، زەینم بوو بە حەوت پاژ. من لەنێو هەموو ئەو حەوت پاژانەدا بووم" چونکە من گێڕەوەی زانای گشتی بووم. سەرەڕای ئەوە هەر نەمتوانی پێش بینی ئەوە بکەم کە لەو دوانیوەڕۆ ساردەی پاییزی دا شیوا لەبەر چاوی بە مۆلەق وەستاوی کیژە موونشییەکە و ئاغای خەلیلی کارێکی وابکا. ئەمن لەو حەوت مانگەدا هەمووی هەر لە لای ئەوان بووم و تاڕادەیەك دەشیام سەرجەم فیکر و بیریان بخوێنمەوە، بەلّام سەرەڕای ئەوە نەشیام دوامین بزاڤی شیوا پێش بینی بکەم. هەر بۆیە ئێستا لام وایە هەر لە بنەڕەتدا بوون بە زانای گشتی لە وەهمەك زیاتر چ نییە، قەت هیچ زانایەکی گشتی لە ئارادا نەبووە و تا هەتایەش نابێ. ئەمن تەنیا گێڕەوەیەکی لەت و کوتم، گێڕەوەیەکی حەوت پاژ کراو.

**پاژی یەکەم:**

لە نهۆمی چوارەمی خەوگەی خوێندکارانی شەهید بەهەشتی دا، سیامەك وێنەی کیژێکی قژ زەردی کە لێوەکانی خونچەئاسا رووەو دووربین کردبوو، لە دەست مێهدی وەرگرت و لە پالّ وێنەی سێ چوار کیژی تر نایە دوو توێی رۆژئەژمێرەکەی کە لە کۆبوونەوەی خوازبێنی دا پەسند نەکرابوون. مێهدی گوتی: «ئەوە هەر دەلّەی هولّووە، جاشکەکەر...»

کیژەکە قژەکانی بەسەر شانی دا داهێشتبووە خوار، ئەو دەست ئەو دەستی پێکرا هەتا لە دواییدا سیامەك بلّێ: «هەر کەس بخوازێ بیەنێ، جگە لە خەرج و مەخارجی زەماوەند، دەبێ خەرجی دوو نەشتەرگەرییانیش وەلابنێ" یەکیان بۆ دفنی* و یەکیشیان بۆ چەناگەی.»

مێهدی کە هەر وا خەریك بوو هەویری ددانی لەسەری پیك نیك دەسووت، گوتی: «گەرەکمە بزانم ئاخری چ کەسێ دێنی، شازادە!»

سیامەك کە لە ئاوێنەدا لە وێنەکەی خۆی رامابوو، گوتی: «دەبینی... ئاخری هەر دەبینی.»

قژە خورماییەکانی لەسەر تەوێلی لادا و بزەی بە وێنەکەی خۆی هات کە لە ئاوێنە دا دیار بوو، لە روالّەت دا نیشانەیەك بوو لە بڕوا بە خۆبوونێکی قایم و پتەو.

بەڵام ئەمن کە زانای گشتی بووم، دەمزانی ئەم بزەیە دەمامکێکە کە سیامەك فێر بووە لە سیمای بدا. سیامەك دوای گەلێك سالّ نەزر و نیاز، دوای سێ کیژی نە زۆر لەبەر دڵان لە دایك ببوو و لە مالّ دا بە ناوی هونەرپیشەکانی هالیوود (مارلۆن براندۆ، پۆڵ نیومەن، بێرت پێت) ناویان دەهێنا. ئەمن هەموو جارێ لە خۆمم دەپرسی بوونەوەرێك کە هاوکات جوانی و سەرنج راکێشی چەند هونەرپیشەی هەیە، چۆن دەتوانێ هاوسەری دڵخوازی خۆی وەدۆزێ.

**پاژی دووهەم:**

ئێستا تەنیا هەر چاوانی مات و شووشەیی و دەنگە ماندووەکەی بوو کە بەر لەوەی بگاتە جێ، هەر بەو چەشنە کە پالّی وە شیپانەی دەرگا دابوو، دەیگوت: «رابە مێهدی... رابە، شەکەت و دارزاوم. رابە.»

جا ئەودەم مێهدی بە زەحمەت لەسەر قەروێڵە رادەبوو و بە دەم جنێودان بە باو و باپیری هەرچی کیژە، شت و مەکی ئامادە دەکرد و سیامەك وردە وردە دووکەلّی هەلّدەمیست، لەمەڕ شیواوە“ لەمەڕ مێزەکەی کە لە هەمبەر مێزی ئەوە و لە بەدفەڕی و چاوە درشت و قاوەییەکانییەوە دەدوا.

شیوا دوو حەوتوو بوو ببووە هاوکاری سیامەك و لەو ماوەیەدا هێندە لێی نزیك ببۆوە کە تەنانەت منیش (دیارە ئەگەر زانای گشتی نەبووبام) خەریك بوو باوەڕم دەکرد کە ئەویندداری سیامەك بووە، بەڵام ئەمن دەمزانی کە خۆشەویستی و نزیك



بوونەوەی شیوا تەنیا بە هۆی ئەوینەوە نییە. بەڵکوو بە هۆی پێویستی زۆری ئەو بە پێك هێنانی کەش و هەوایەکی دۆستانە لە شوێنی کاردایە. ئەو هەر دوای وەرگرتنی دیپلۆم زەماوەندی کردبوو و ئێستا کە دوای پێنج سالّ توانیبووی شووەکەی رازی بە کار کردن بکا، هەموو هەولّی دەخستەگەر هەتا لە یەکەم ئەزموونی کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ و دیارە وەدەست هێنانی ئەم سەرکەوتنە لە کەش و هەوایەکی دۆستانە دا گەلێ ساناتر بوو. سیامەك بەرپرسی بەشی نێوخۆی ئەوان بوو و بە هۆی کەسایەتی مێهرەبان و سەرنج راکێشیەوە هەموو کارمەندەکان رێزیان بۆی هەبوو. نزیك بوونەوە لە سیامەك لابڕێك بوو بە مەبەستی دابین کردنی کەش و هەوایەکی دۆستانە لە شوێنی کاردا. ئەگەرچی دوکتۆر شەمس، بەرپرسی شریکە لە دۆستانی نزیکی هاوسەری شیوا بوو، بەڵام ئەو لەو دۆستایەتییە کەلکی وەرنەگرت و هەر بە دۆستایەتی نێوان خۆی و سیامەك قەناعەتی هێنا.

**پاژی سێهەم:**

سیامەك لەسەرخۆ گوتی: «خۆی تەلاق دەدا... بێشك خۆی تەلاق دەدا.»

پاشان هەروەك بیەوێ شتێك بە خۆی بلّێ گوتی: «هەر ئێستاش لەبەر کیژەکەی ددانی بە جەرگیدا گرتووە. بەڵام ئیتر ناتوانێ... گەیشتۆتە ئێسقانی... خۆی تەلاق دەدا، دڵنیام.»

لە وەڵامی مێهدی دا کە پرسیبووی:«ئاخر لەبەرچی هێندە دڵنیای، گێژە؟! مەگین خۆ تەلاقدان هێندە سانایە؟» هەر لەوکاتەدا کە دووکەلّی لە سینگی خۆیدا راگرتبوو، گوتی:«دەیدا... دڵنیام.» و دە دیواری هەمبەر خۆی راما.

گەلێك حەوتوو، لە کۆبوونەوەی شەوانەدا، لەنێو هاتووچۆی دەستەکان لەنێوان پیك نیك و تەپلەك* دا، ئەوە دەنگە قووت دراوەکەی سیامەك بوو کە لە کەوگ بوونی ژێر چاوەکانی شیوا و لەوەی کە ئیتر تەنانەت ناکارن لە شریکەوە هەتا ئیزگەی پاس بە یەکەوە قسە بکەن دەدوا“ چونکوو شووەکەی شیوا ئێوارەی هەموو رۆژێ دێ

بە شوێنیا، لەبابەت نیگا پەیجۆرە گوماندارەکەی مێردی شیواوە دەدوا کە بێ ئەوەی لە ماشێن دابەزێ، زەق چاوی دە پەنجەرەکانی شەریکە دەبڕی و لە ژێر لێویەوە دەیگوت: «هەتیوە گووە...»

مێهدی بێ ئەوەی سەر لەسەر جزمەکەی هەڵگرێ، گوتبووی: «ئەوە شتێکی ئاساییە، هەر شوویێك کاتێ ژنەکەی داوای تەڵاقی لێ بکا، بە شوێن کەسێکی ترەوە دەگەڕێ.»

**پاژی چوارەم:**

هێشتا نەگەیشتبووە جێ هەر بە جل و بەرگەوە خۆی هاوێشتبووە سەر قەروێڵە هەتا لەسەر پێداگری مێهدی هەستێ دانیشێ و بە دەنگێك کە بە زەحمەت لە دەمی دەهاتە دەرێ، بڵێ شووەکەی شیوا ئیمڕۆ هاتۆتە شەریکە و راست چۆتە ژووری بەرپرس و لە بابەت رەنگ بزرکاوی شیوا و دەستە لەرزۆکەکانی دوا بوو، کاتێ دوای دوو سەعات لە ژووری بەرپرس هاتۆتە دەر و شت و مەکی کۆ کردۆتەوە و تەنانەت بێ ئەوەی لایەك لە سیامەك بکاتەوە، جانتاکەی ناوەتە سەرشانی و بە کیژە موونشییەکەی گوتووە دەچێتە مەرخەسی و سووکە ماڵاواییەکی لەگەڵ هەمووان کردووە، لەمەڕ شووەکەی شیواش دواوە کە لەکاتی چوونەدەر دا، دەستی خستۆتە نێوقەدی شیوا و وەرسووڕاوەتەوە و لە ژێر برۆ چڕ و پڕەکانییەوە چاوێکی لە هەمووان کردووە و پێکەنیوە و هەموو ناچار ببوون حەوتوویەکی تەواو ژەقنەمووت ترین سەرو سەکوتی دنیا قەبووڵ بکەن هەتا حەوتووی دواتر لە حاڵێکدا کە سیامەك دەمی نابووە نێو شکۆفەی ئەو بەهار نارنجانەی کە شیوا لە باکوورەوە بۆی هێنابوو، گوێ بۆ دەنگە هێمنەکەی هەڵخا کە:«عیلاجێکم نەبوو. لەگەڵ دوکتۆر شەمس ئاخۆتبوو کە وەدەرم بنێ... خۆ دەزانی قسەی چەندە دەڕوا... ئەگەر وەدەرینابام ئیتر نەمان دەتوانی یەکتر ببینین...»



بێشك ئەو بۆنە بردبوویە باکوور. ویلای بەستێنی ئەو زەریایەی کە حەوتوویەك میوانداری شیوا و کیژ و شووەکەی بوو، هەیوانی رووەو بەستێن کە شیوا بە کراسە هاوینییەکەیەوە پاڵی وەئەستوونێك دابۆوە و لە دوورەوەی دەڕوانی. دەزانم وەك زانایەکی گشتی چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکەن پێتان بڵێم شیوا لەو کاتە دا کە پاڵی وەئەستوون دابۆوە و با دەخزایە ژێر دامێنەکەیەوە، بیری لەچ دەکردەوە. هەرچی هەوڵم دا و لەهەر کەلێن و قوژبنێکەوە تێ خزام، مەخابن نەشیام تەنانەت لە زەینی شیوا نزیك ببمەوە. زەینی شیوا لەم سەفەرە دا هەروەك شتێکی پتەوی یەکپارچە وابوو کە نەدەکرا دزە بکەیە ناوی .

**پاژی پێنجەم:**

هەتا ئاخری رۆژێك دوای دوو سەعات بێدەنگی کەم وێنە لەسەر سفرە، هەناسەی دابوویە دەر و گوتبووی: «گەرەکمە لەگەڵ خوشکی شیوا زەماوەند بکەم.» و بێ ئەوەی سەری هەڵێنی و لە دەمی کریاوەی مێهدی بڕوانێ، لە درێژەی قسەکانیدا گوتبووی: «بەم چەشنە هەموو دەم لە لای یەکترین. هەموو دەم.»

شیوا لە ماوەی ئەم حەوتووە دا سەری بەسەر دەفتەری حیسابەکاندا گرتبوو. گریا بوو و لە هەمبەر پاڕانەوەکانی سیامەك دا هەر بێدەنگ ببوو و لووتی هەڵقرچاندبوو، هەتا دواجار لە حاڵێکدا کە بە زەحمەت تفی قووت دەدا، کە بڵێ: «تەڵاقم نادا... تەڵاقم نادا... ماندوو بووم...»

سەری خستبووە نێو فایلەکانی سەر مێز هەتا پاشان سەری هەڵێنێ و چاوە تەڕەکانی لە سیامەك ببڕێ و بڵێ: «وەرە فەرییای خوشکم بێنە... ئاوا ئیدی قەت ناشێ لێکمان جیا کاتەوە... بەم کارە تا هەتایە لە پاڵ یەکترین.»

من پێم وایە لەم ماوەیەدا، شیوا کە دلۆڤانی و هەڵبەت جوانی سیامەك تا رادەیەکی زۆر دڵی رفاندبوو، کاتێ زانی بۆی نالوێ هەل و مەرجی ژیانی بگۆڕێ،

لێبرا بە هەر چەشنێك بۆی هەڵدەسووڕێ سیامەك بکاتە هی خۆی" تەنانەت لە چەشنی شووی خوشکی دا.

**پاژی شەشەم:**

سیامەك لە ماوەی ئەم حەوتووە دا هەموو بووتیکەکانی تارانی پشکنی هەتا پێنج شەممە بە کەشخەترین چاکەت و شەڵواری شەقامی میردامـاد و رازاوەترین دەستە گوڵی دنیاوە لە زەنگی ماڵی دایکی شیوا بدا، شیوا لە حاڵێك دا کە جوانترین بزەی لەسەر لێو بوو دەرگەی بەڕوو دا واڵا بکا و سەر بنێتە نێو گوڵەکان و بڵێ:«بەڕاستی سوپاست دەکەم... بەڕاستی...» و رستەکەی لەنێو بەخێرهێنانی دایك و باوکی دا نوقم بێ.

سیامەك لە درێژایی ئەو شەوە دا گوێی دابووە قسەکانی باوکی شیوا کە لەمەڕ گرانی پرتەقاڵ و ماشێنەوە بۆی دەدوا و هەر چاوی لە شیوا بوو کە لە نێوان سالۆن و چێشتخانە دا لە هاتووچۆدا بوو. ئەمن تا رادەیەك دڵنیام کە نەتەنیا ئەو شەوە، بەڵکوو هەموو رۆژەکانی دوای ئەویش کە هەموو تێکڕا لە تەدارەکی زەماوەند دا بوون، سیامەك چاوی بە فەریبا نەکەوت. دیارە زۆر روونە کە سیامەك چاوی دە لەکە و پەڵەی روومەتی فەریبا، یا لاقە گۆشتنەکانی بڕیبوو کە کاتێ لە هۆدە هاتبووە دەر، لێواری دامێنی بووکینی بە سەری قامکەکانی هەڵدابۆوە، بەڵام لە راستی دا شتێکی نەدەدی.

**پاژی حەوتەم:**

شەوی زەماوەند، فەریبا کە لە تەنیشت سیامەك دا کورت تر و خڕین تر دەینواند، لێگدا لێگدا رادەبۆوە سەر پەنجە هەتا دەم و چاوی میوانەکان راموسێ و لەم نزیك بوونە کورتە یەك بە دوای یەکانە دا، تۆزقاڵێك لە سواغەکەی دەم و چاوی نەشڵەژا. پاشان هەروا کە بە پەرۆش و دڵەڕاوکەوە لە پاڵ سیامەك وەستابوو، بەو



ئاهەنگە مۆسیقایە شەش و هەشتەی کە لە زەبتەوە بڵاو دەبۆوە، داوەڵ ئاسا خۆی دەلەنگاندەوە. شیواش بەو چاکەت و شاڵوارە کەشخە درواوە و قژە شەلاڵ و مێش لێدراوەکەیەوە یەکبین بە نێو سالۆن دا هاتووچۆ و بە دەم پێکەنینەوە پوولەکەی بەسەر بووك و زاوا دا هەڵاویشت.

**پاژی دوامین:**

لە ئاکامدا هەر ئەو دوانیوەڕۆ ساردەی پاییز کە دەستی شیوا بەرز بۆوە و لە هەمبەر چاوانی سەر سوڕماوی من و کیژە موونشییەکە بەسەر گۆنای چەپی سیامەك داهاتەوە، هەر لەو کاتەدا زەینی من بوو بە حەوت پاژ و لەوە بە دواوە ئیتر هیچ کات نەشیام یەك دەست بوونی زەینم بپارێزم. لەمە بە دواوە هەموو ئەم رووداوانەی بۆ شیوا و سیامەك هاتنەپێش، بێ هیچ نەزم و تەرتیبێك لە زەینم دا لە جموجۆڵ دان، چەشنی ڕێگایەکی مەزنی پڕ لە هاتووچۆ. ئیدی لەبیرم نییە کە ئەو رۆژە بوو یا رۆژی دواتر کە شیوا چووە ژووری سەرۆك و لە کاتێك دا کە دەستی نابووە سەر سینگی ، گوتی ئیدی بۆی نالوێ لە پاڵ سیامەك دا کار بکا و واباشترە ئاغای سەرۆك یەکیان وەدەرنێ و هەر هیچ گوێی بە وتەکانی بەرپرس نەدا کە یەك بین دەیگوت: «بەڵام ئەو شووی خوشکتانە.»

وەبیرم نایە چەند رۆژ پێش یا دوای ئەوە بوو کە سیامەك لە چایخانە دانیشتبوو و سەری نابووە نێو دەستەکانی، سوێندی بە گشت شتە پیرۆزەکانی دنیا دەخوارد کە تۆزقاڵێك لە هەستەکەی سەبارەت بە شیوا کەم نەبۆتەوە، و باسی ئەوەی دەکرد کە دوێ شەو ناعیلاج بووە لە لای هەمووان بڵێ فەریبا باشترین کابانی دنیایە، هۆیەکەی ئەوە بووە کە دڵی نەشکێنێ" چون زەحمەتێکی زۆری بۆ ئەو میوانداریيە کێشابوو و ئەوەشم لەبیر نییە کە ئەو زەردەخەنە تاڵە کەنگی لەسەر لێوەکانی شیوادا خۆی نواند و لە یادیشم نییە چەند رۆژ پێش یا پاش ئەو بوو سیامەك لەجیاتی چوونە سەرکار، چووە خەوگە و لە لای پیك نیك لێی راکشا و هەوڵیدا گوێ لە دەنگی مێهدی نەگرێ

که شیشەی بە لێوی گاز دا دەیەنا و دەیگوت سیامەك دەبێ دان بەم راسەقینەیە دابنێ، کە شیوا تەنیا ویستوویە خوشکە ترشاوەکەی بەسەر ئەو دا قاڵ کاتەوە. یا تەنانەت لەبیرم نییە کە چەند رۆژ پێش یا دوای ئەو بوو کە سیامەك کاتێ بە بەر دەرگەی ژووری حیسابداری دا تێدەپەڕی، دەنگی سرتە سرتگەڵێکی بیست کە دەیانگوت شیوا کە ئێستا جێ پێی لە شەریکە دا قایم بووە دەیەوێ جێ بە سیامەك لێژ بکا. یا چەند رۆژ پێش یا بەر لەو بوو کە سیامەك لەگەڵ بەرپرسی ماڵی لە کافی شاپی بەرامبەر بە شەریکە دانیشتبوو و لە حاڵێك دا کە چاوی دە هێڵەکانی بنی فینجانی قاوەکەی را مابوو. حەولی ئەوەی بوو گوێ لە دەنگی نەگرێ کە دەیگوت ئەو هێزی ئێرەیی بە هێند نەگرتووە و پێی وابوو ئەو هەر هیچ نەدەبا کارێکی وای کردبا ، چون هیچ ئافرەتێ تەنانەت ئەگەر خۆشی پێشنیاری کردبێ، توانای خۆراگرتنی لەبەر ئەم هەل و مەرجە دا نییە و هەر وەبیرم نایە چەند رۆژ پێش یا دوای ئەوە بوو کە کیژە موونشییەکە خەریك بوو بە حیسابدارە تازەکەی دەگوت بە بڕوای ئەو ئەوە کەسایەتی بەهێز و دلۆڤانی فەریبا بووە کە بۆتە هۆی گشت ئەم رووداوانە و لای وابوو کە فەریبا وا بە سۆز و هەستەوە ئەوینداری سیامەك ببوو کە هەر بە کردەوە شیوای لەبیر و زەینی ئەودا پاککردبۆوە. تەنانەت لەبیرم نییە سیامەك پاش چ ماوەیەك بێکاری و ئاوارە بوون، ئاخریەکەی توانی کارێك وەدۆزێ و وەبیرم نایە کە فەریبا کەی منداڵە دوانەکانی بوو. تەنانەت لام وایە سەر و سەکوتی سیامەکیشم لەبیر کردبێ. بەڵام لە شتێك دڵنیام. لەوە کە من گەمژەترین زانای گشتی دنیام" چونکە هیچ کات نەشیام تێبگەم بۆچی شیوا لەو دوانیوەڕۆ ساردەی پاییزدا کارێکی وای کرد.



## بۆینباخی* سەوز

وێنەت لە ئاوێنە دا دەچرژێ، هەروەك چارەنووست کە لەنێوان لێوە زریشکی کراوەکانی پیرێژن دا کوت کوت دەبێ. بەو سەرەی کە نەختێ بەرەو دواوەت لار کردۆتەوە و ئەو چاوە کونە شوژنانەتەوە لە دەمی پیرێژن زەق بوویەتەوە کە زێدەتر لە بارستایی دەنگەکەیەوە والاّ دەبێ و وێك دێتەوە.

- گوتت لەچ مانگێك دا لە دایك بووە؟

- رێبەندان... دڵنیانیم... پێم وابی گوتی رێبەندان.

نینۆکە بنەوشەکانی لەنێوان قژە تووك قالاّویەکەوە دێتەدەر هەتا پەڕێکی تر لە دەستە پەڕەکان هەلاّوێرێ. هەر پەڕێکی روو دەبێ، بەشێك لە ژیانی تۆیە کە وا زەق تێی دەڕوانی؟ لێدانی دەمارە زراڤەکەی* ژێر پێلووی چاوی چەپ نیشانەی چیە، بەو دەستە لەرزۆکانەوە؟

- گوتت خۆت لە مانگی گەلاوێژ دا لە دایك بوویە؟

سەرت هێدی دەهەژێنی و لەو برۆ هەڵکشاوانە دەڕوانی کە بە چینەکانی هەنییەتەوە بوونەتە دوو هێڵی تەریب، خوشکت لەژێر دەستەکانی ملووك خاتوون دا هەڵبەز دابەزێتی، ئەستووی* ملووك خاتوون وەك مراوی بۆ پاش و پێش دەچێ. کورکەکانی* دەم و چاوی خوشکت دەڕژێنە سەر پێشبەندە سپییەکە. لێوە زریشکی کراوەکان وێك دێنەوە و برۆکان زۆرتر هەڵدەکشێن، وەك ئەوەی بیانەوێ بڵێن هووم، کە نایڵێن. تلی دۆشاو مژەی دەخاتە سەر ئەو پەڕەی کە رووی کردووە.

- دووی گژنیژ!

سەری کەمێك بەرەو دواوە دەبا و لە چاوانت دەڕوانێ. قژەکان لەسەر چین و چرووکەکانی سەر ملی لا دەبا و بە دوو تلی گەورە و دۆشاو مژەی چیلکەی گوێی دەگرێ. وا گەوجانە لێی مەڕوانە. ئەوەی دەیەوێ پێی بڵێ.

- دووهەمین جارە دەیبینم.

چەترە تووك قالاّوییەکانی لەسەر هەنییەی لادەچێ و ئەو هوومەی پێشتر نەگوترا ئەمجارە دەگوترێ. دەستی دایکت بە ئەسکناسێکەوە دەخرێتە گیرفانی سەردڕی* کیژە لاڵەکەوە. کیژە خەریکی گێسك دانی وردە تووکەکانی سەر عەردە. وەردە سووڕێ و بزەیەك لەسەر لێوەکانی دەنیشێ و چەندجار سەری بۆ دایکت دەهەژێنێ. دایکت ئەو وردە تووکانەی سەر سینگی دەتەکێنێ و لە ئاوێنەدا وەلاّمی بزەکەی دەداتەوە. کیژە لە تۆ دەڕوانێ و لەسەرخۆ پێدەکەنێ.

سووکە لەرەیەك بە لێوتەوە دیارە، دووهەمین جار لەژێر لێوەوە نارە نارێك دەکەی.

ئازەرخاتوون بە قاپێك رەنگەوە وەژوور دەکەوێ.

- ئەم فالە تەواو هەر نەبوو؟ بە خوای کەری! خانم و خاتوون ژیانێکی راحەت رادەبێری.

سەرت بەرەو ئازەرخاتوون وەردەسووڕێنی و بزەت دێتی. ئەوە بیر لەچی دەکەیەوە؟ ئەم بزە سووکە جوانەت لەکێ بە میرات پێگەیوە؟

دایکت لەبەر ئاوێنە وێستاوە و سەرپەنجەکانی دەخاتە نێو قژەکانی و وردە مووەکانی سەر سینگی دەتەکێنێ. خوشکت دەناڵێنێ و سەری دەکێشێتە دواوە. ملووك خاتوونیش ساتێ کپ دەبێ و بۆ جارێکی تر هێرشی دەکاتە سەر. نینۆکە بنەوشەکان لە نێو قژە تووك قالاّوییەکاندا دێنەدەر و پەڕێکی دی لە دەستە پەڕەکان جیا دەکاتەوە. بیبی خاچ دەخرێتە پاڵ سەربازی دڵەوە. دایکت لە تەنیشت پیرێژن لەسەر قەنەفە پان دەبێتەوە و مەمکەکانی بە دەستی لەسەر سینگی رێك و پێك دەکا.

-وەڵڵاهی فلانی سەوقاتێکی هێندە بە نرخیش نییە.

لێوەکانی بە یەکەوە دەنووسێنێ و سەری بادەدا. نابیسی، وەنیە؟ جگەرەیەك لەسەر مێز رادەکەی و بە چەخماخ دایدەگیرسێنی و چێژی لێ وەردەگری. دووکەڵ بە شل و شەوێقی بە نێوان لێوەکانت دا دێتەدەر. پیرێژن لەنێو دەستە پەڕەکاندا پەڕێکی تر هەڵداوێرێ" بیبی خاچ. لە قەراخ بیبی پێك دادەنێ و جارێکی دی لێوی وێك دێنێ.



ئەو خەڵکە چەندە ئیرەییت پێ دەبەن.

دایکت دەستەکانی لەژێر سینگیەوە تێك دەخاتەوە و دەبۆڵێنێ.

- دایك و خوشکێتی ئیدی.

خوشکت لەسەر کورسیلە را دەبێ. ملووك خاتوون بەرەڵبێنە لە ملی دەکاتەوە. فانیلەی هەتا ژوور نێوکی هەڵکشاوە و پێستە لێك داکێشراوەکەی زگی بە دەرەوەیە. بیر لەچی دەکەیەوە؟ ئەگەرچی زگێکی کردووە بەلاّم زۆر لەتۆ رێك و لەبارترە؟ دەگەڕێتەوە لای ئاوێنە و برۆکانی بە سەری قامکەکانی بۆ سەرێ هەڵدەداتەوە. کەفەڵی لەنێو شەڵوارە ئیستریێچەکەی بەری دا مەزنتر دەنوێنێ. هەستی جنیفێر لۆپێزی خەریکە پرزەی لێ دەبڕێ، وەنیە؟

کیژە لاڵەکە مووەکان دەخاتە نێو سەتڵ و دەگەڕێتەوە و بە تۆ پێدەکەنێ. وەلاّمی پێکەنینەکەی دەدەیتەوە، نینۆکە بنەوشیەکان پەڕێکی تر لە دەستە پەڕەکان جیا دەکەنەوە. حەوتی خشت دەخرێتە پاڵ سەربازی دڵ. قامکی دۆشاو مژەی دەکەوێتە سەر حەوتی خشت و قژە تووك قالاّویەکانی دڕژێنە سەر گۆناکانییەوە.

- رەنگی سەوزت پێوە دێ.

سووتە جگەرەکەت دەتەکێنییە سەر لێواری تەپلەك، دەستت بۆچی دەلەرزن؟ بیر لەچی دەکەیەوە؟ لە چاکەت و شەڵوارە سەوزەکەی؟ ئەم چاکەت و شەڵوارانە زۆر لەمێژە لە برەو کەوتوون. ئەم هەمموو ساڵە چۆنی راگرتوون کە مۆرانە نەیخواردون؟ چەند بەستە نەفتالینی دەکار کردووە؟ ئەدی ئەو بۆینباخە سەوزەخاڵ سپییەچی؟ ئەو مووە سپییانەت دەدی کە لەنێو مووەکانیدا شین ببوون؟

خوشکت بەرەو جێ لیباسیەکە دەچێ. بە هەر هەنگاوێکی کە هەڵیدێنێتەوە کەفەلی لەنگەر دەگرێ. ملووك خاتوون چی پێ گوتووە کە ئاوا سەری با دەدا و بزەی دێتێ؟ بۆچ دەنگیان نابیسی؟ لێوەکانی فالگر لەبەریەك دەچن، والاّ دەبن و وێك دێنەوە. بۆچ گوێی پێنادەی؟ ئەوە بیر لەچی دەکەیەوە؟

"ئەمن گوڵە سوورەی بابەم. ئەمن گوڵە سوورەی بابەم. ئەمن گوڵە سوورەی بابەم."

ئەم رستەیە بۆچ هێندە دووپات دەکەیەوە؟ کەی بوو؟ بیست ساڵ لەمەوبەر؟ خوشکت لەسەر جۆلانە دانیشتووە. کراسە سوورە چین چینەکەی لەبەردا؟ پێیەکانی بەرز دەکاتەوە و خۆی پێ پاڵ دەدا؟

"ئەمن گوڵە سوورەی بابەم. ئەمن..."

پاشان سەری وەردەسووڕێنێ و بزەی دێتێ. هەر ئەوە بوو؟ هەر ئەو وەرسووڕانە و ئەو بزەیە؟

لێوە زریشکی کراوەکان دیسان لەبەریەك دەچن و پاشان وێك دێنەوە. ئەو خەریکە پرسیارت لێدەکا. نابینی ملی لار کردۆتەوە و چاوی دە لێوەکانت بڕیوە؟

– ها، چەند ساڵێەتی؟

– نازانم، رەنگە سی وچوار، یا سی و پێنج... نازانم، بەڵکوو زۆرتریش.

درۆی زۆر پیس پیس دەکەی، بۆ راستییەکەی ناڵێی؟ خۆ ئەتۆ زۆر باش دەزانی ئەو چاکەت و شەڵوارە مۆدێلی لاوانی چل ساڵ لەمەوبەر بوو. نازانی؟ خوشکت ئەوە مانتۆکەی لەبەر دەکا. قژەکانی لە ژێر مانتۆکەیەوە دەخاتە دەرەوە و رووی لە لای دایکت دایە و شتێك دەڵێ. دایکت لەسەر کورسی رادەبێ. چین و چرووکی دامێنی راست دەکاتەوە و بەرەو جێ لیبباسیەکە دەچێ. خەریکە لەگەڵ تۆ داخوێ. بۆ گوێی پێنادەی؟ دەڵێ ئەو لەتەك نووشین دا دەڕوا. ئەتۆ دوایە بۆخۆت وەرە. پێویست ناکا وەڵامی بدەیەوە. سەر راوەشاندنێك بەسە. بۆ جگەرەکەت لەنێو تەپلەك دا وا دەگوشیە باڵ یەك؟ بە برووکە گوشینێکیش دەکوژێتەوە.

کیژە لاڵەکە خەریکی دەرخستنی ئەو میوانەیە کە لە سیمەکانی بۆرێس هالاون. پێدەکەنێ. بە کێ پێدەکەنێ؟ دایکت لەگەڵ ئازەر خاتوون یەکتر ماچ دەکەن. خوشکت لەنێو جانتاکەیدا بە دوای کلیلەکانیدا دەگەڕێ، هەر کە بیاندۆزێتەوە، تلی گەورەی دەخاتە سەر دوگمەی دەرگەکەوە، ئەوجار کە لە دەرگەی ماڵەوە، وەژوور کەون، یەك راست بەرەو قەنەفە راحەتییەکەی باوکم دەچێ، لەسەر کورسیلەی رووبەرووی دادەنیشێ و دەستەکانی والا دەکا. پاشان قژە رووتەکانی لەسەر شانی لا دەبا و... باوکم دەستی بە



سەر قژەکانیدا دێنێ و دەڵێ: تەلەفۆن لە عەلی و پارمیس بکا بێن. دەچێتە ڕاڕەو و لەنێو گۆشیەکەدا سرتەیەك دەکا و دیسان دەگەڕێتەوە و لەسەر کورسیلەی هەمبەر باوکم دادەنیشی. دایکت دەفری میوە لەپێش باوکت لەسەر مێز دادەنێ و لەسەر قەنەفەی پێش تەلەفیزێون پان دەبێتەوە.

عەلی و پارمیس کە هاتن خوشکت رادەبێ و لە ئاسانەی دەرگا دا کوڵمەی رەپێش دەخا. لێوەکانی عەلی دەکەوێتە سەر پێستی گۆنایەوە. پارمیس دەچێتە لای باوکم. دەستی باوکم بۆ لە ئامێز گرتنی لێك ئاوەڵا دەبێتەوە. پارمیس دەستە چکۆڵەکانی دەخاتە ملی باوکم و لێوە شێوە خونچەکانی دەنیشنە سەر پێستە چرچەکەی کوڵمەیەوە.

«ئەمن گوڵە سوورەی بابەم... ئەمن گوڵە سوورەی...»

نینۆکە بنەوشەکان پەڕێکی تر لە دەستە پەڕەکان جیا دەکاتەوە، ئاسی دڵ. دەینێتە نێوان بیبی و سەربازی دڵ، لێوە زریشکییەکان بۆ جارێکی دی دەلەرنەوە. تۆخوا هەر نەبێ گوێ بۆ ئەم چەند رستەیە هەڵخە.

ئازەر خاتوون بە قەراخت دا تێدەپەڕێ و بە سەری هێمایەکی پەڕەکان دەکا" چاوی دەتروکێنێ و شتێك دەڵێ.

وا بە گەوجی لێی مەڕوانە. ئا، بزەت بێتێ. واباشترە، ئەو رۆژە لە خواردنگە هەر ئەو بزەیەت لەسەر لێو بوو؟ زەق لە بۆینباخە سەوزە گوڵ درشتە سپییەکەی ورد ببوویەوە یا خەریك بووی لە قژەکانیت دەڕوانی کە دەتگوت بەرەو حەوا دەفڕین. بریا هەر لە هەوەڵەوە لەوێ لەبەر ئەو پانکە سندان کوشتووە دانەنیشتبان. ئەو قژانەی کە بە هۆی ئاو و ژێل بەولا و بەولا دا چووبوون و نیشتبوونە سەر تووکە سپییەکانی سەریەوە و بە بای پانکەوە هەڵدەدرانەوە، دەیژماردن. یەك خەنەیی، یەك رەش، یەکیان سپی، دوای ئەوە چوون لە پشت مێزی سووچ خواردنگە دانیشتن، هەموو شتێك باشتر بوو، قژە تەڕەکانی جارێکی دی بە بزاڤی نەرمی لەپی دەست لەسەر سپیایی تۆقی سەرپان بوونەوە. بۆ بیرێکی باشتری لە تاسی سەری نەکردبۆوە؟ ئەو جۆرە ئاو لێدانە و بەو لا و بەم لا دا هێنان ئیدی زۆر کۆن بووە. دەشیای ناو و نیشانی یەکێك لە بنکە ساخ کەرەوەکانی قژی پێ بدەی.

دەبێ دزە بکەیە نێو دڵی. پیاوانی لە دایك بووی رێبەندان بە دڵ بیر دەکەنەوە. سەیرە! ئەم رستەیەت بیستووە؟ ئەشێ جێگەی خۆت لەدڵێدا بکەیەوە، تێگەیشتی؟ لەدڵێدا. خۆ دەزانی دڵ لە کام لاوەیە؟ هی ئەو دەبێ رێك لە ژێر گیرفانە بچکۆلانەکەی لای چەپیەوە بێ" ئەو شوێنەی کە دەسماڵە پەمەییەکەی دانابووە سەری، ئەو شتەی کە بێ نێوبڕ ئارەقەی ژێر چەناگە و بەرلۆغەی پێ دەسڕییەوە. چۆن وەك فەرماندەرێك لەتەك خزمەتکار دوا.

«دوو دانە ئیستێك لەگەڵ سۆسی کارگ. زۆر باش برژابێ.»

کاتێك لەگەڵ خزمەتکار دەدوا، هیچ هەستێك بەسەر و چاویەوە دیار نەبوو. بەلاّم هەمێشە لەتەك تۆ دا بزەی لەسەر لێو بووە؟ بزەیەکی پان و پۆڕ کە هەتا نزیك گوێیەکانییەوە کشابوو، وەنیە؟ قامکەکانی تێك خستبوو و گوتبووی سەلیقەی لەمەڕ چێشتەوە تەواو ئینگلیزییە. چێژەی فەرەنسەویانی پێ هەونییە. وەلاّمی تۆ چ بوو؟ دەبووا وەلاّمێکت داباوە. هەر چیەکی، بەلاّم هەر دەبووا شتێکت بگووتایە. دەشیای بلێی دەستاوی* دایکمم لە هەموو شتێ پێ خۆشترە. گرینگ نییە درۆ بکەی. «بێ .ئێم.وێ»یەکەی لە دەرەوەی خواردنگە راگرتبوو کە...

بۆ نەچوویە ئاپارتمانەکەی؟ دەشیان لە هەیوان دانیشن و قاوە بخۆنەوە یا چاو لە ئالبۆمی وێنەکانی بکەی و گوێ بۆ بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێندنی لە ئیسکاتلەند رادێری و بزە بخەیە سەر لێوت. بۆ یەکبین لە بۆینباخەکەی رامابووی؟

نینۆکە بنەوشیەکان پەڕەکانی لەسەر مێز کۆ کردۆتەوە و دەیانخاتە جێگەی خۆیانەوە. قژە تووك قالاّویەکەی بەسەر چین و چرووکەکانی ملی دا بلاّو ببۆوە... ئێستا دەبێ سەری جانتاکەت بکەیەوە و دە دانە هەزارییان بنێیە سەر مێز، بابەتی سەعاتێك قسە کە گوێت پێنەدان. ئازەر خاتوون دەستەوانە رەنگیەکانی دەردێنی و بە سەری هێمای ملووك خاتوون دەکا و قاقایەك دەکێشێ. ملووك خاتوون لەبەر ئاوێنە وەستاوە و قەڵەمە سوورەکەی بە دەوری لێوەکانی دا دێنێ. کیژە لاڵەکە پەڕۆ تەڕەکەی لەسەر مێز دەگێڕێ و بەرەو ئاوێنە پێدەکەنێ. پیرێژن رادەبێ و بۆ لای جێ لیباسیەکە دەچێ. جگەرەیەك هەڵدەگری و



چەخماخ لێدەدەی. لەنێو خواردنگەدا ئەو چەخماخی بۆ هەڵکردبووی؟ چەخماخی ئاوەزێڕ کراو کە پیتی یەکەمی ناوەکەی لەسەر هەڵکەندرابوو. دەستی هێنابووە پێش و... دیارە کە ناکرێ مووی دەست رەنگ بکەن. قووڵی تێمەگرە. خۆ هەموویان سپی نەبوون. دەکرێ بڵێین حەوت هەشت تاڵە مووی رەش بەهەر یەك لە دەستەکانییەوە بوو. پیرێژن ئەوە لە دەرگە دەچێتە دەر. سەر و پۆری چەند شەکەت و ماندوو دەنوێنێ. هەر نەبێ سەرێکی بۆ راوەشێنە، ملووك خاتوون مانتوکەی دەبەر کردووە و لەبەر پەنجەرە وەستاوە. ئازەر خاتوون سەردرە سپییەکەی دادەکەنێ و رووەو ملووك خاتوون دەڵێ: «ئەگەر بهاتبایە هەتا ئێستا دەهات. لە خۆڕایی خۆت مەحتەل مەکە.

ملووك خاتوون هەروا لە شەقام رامابوو و لەجێی خۆی نەدەبزووت. ئازەر خاتوون برۆکانی بەرەو ژوور بردووە و مانتۆکەی لەبەر دەکا. رابە. خۆ هەتا بەیانی ناشێی لێرە دانیشی. ئێستا دایکت ئەوە مێزی شیو دەرازێنێتەوە. پارمیس لەسەر لاقی باوە دانیشتووە و دەم تەڕی* دەکا. عەلی و خوشکت هێدی هێدی دەدوێن. لەچ بابەتێکەوە؟ عەلی هەموو شتێ بۆ نووشین دەگێڕێتەوە، تەنانەت رووداوەکانی رۆژانە کە زۆریش گرینگ نین، عەلی ئەوە رادەبێ و پارمیس لەسەر لاقەکانی باوە رادەکا و بەرزی دەکاتەوە سەر دەستەکانی. قیژەی خۆشحاڵی پارمیس کریستاڵەکانی لۆستیر دەلەرێنێتەوە. خوشکت سەری وەردە سوورێنێ و بزەی دێتی.

«ئەمن گوڵە سوورەی بابەم... ئەمن گوڵە سوورەی بابەم... ئەمن گوڵە سوورەی بابەم.»

## نیوەی سپی، نیوەی بنەوشەیی

ئیدی ئەوە رادەبم و سەر بە چێشتخانە دا دەکەم. هەڵدەکورمێم. بەندی ئارەق گیرەکەی هەتا سەر باسکی دادەکێشم و دەستم بەسەر شوێنە دەرپەڕیوەکانی شانی دا دێنم. دەستم لا دەبا، چەناگەی بە مشتم دەگرم. لەپی دەستم لەبەر زوور* بوونی ردێنە تەنکەکەیەوە ختۆکە* دەدرێ. هەروا پێدەکەنم.

-رابە، بەسیە ئیتر.

-ئەو هێشتوویە لەگەڵ ئەو هەتیوە گووە... ئەوەدەم ئەتۆ...

سووچی لێوم خەریکە جارێکی دی وێك بێتەوە. دیسان کەفەزگ دەبم چرنۆك لەدەم و چاوم دادەگرێ. ئەوە خۆی هاویشتۆتە سەر سینگم و راست و چەپ دەوەشێنێ. هێشتا هەر پێدەکەنم. وە زیرە زیرِ کەوتووە و فرمێسکەکانی بەرێبوونە و زوو زوو دەڵی پیسەکە و راست و چەپ دەوەشێنێ. پیلی دەگرم و فرێی دەدەمە نێومال. وەك بێچووە پشیلە چوارمێردەکی دەکەوێتە پاڵ قەنەفە. کتری قوڵتە قوڵتێتی و کۆترە کێویلکەش لەوبەر پەنجەرەوە لەگەڵی گەرم داهاتووە. لێوەکانی بۆ وێك دێنمەوە و نووچێکی ئاوداری بۆ رێدەکەم، پشت دەکاتە من و کلکی هەڵدەتەکێنێ. چایەکە دەم دەکەم و سەر بە هاڵ دادەکەم. خرِ بۆتەوە باڵ یەك. دڵە کوتەیەتی و شانەکانی دەبزوێنەوە. لەسەر قەنەفە رادەکشێم، جگەرەیەك دادەگیرسێنم. هەروا هەنییەی لە چۆکەکانی دەسوێ و شانەکانی دەبزوێنێ. رادەبم دەچم لە پاڵی دادەنیشم و دەست بە قژە خورماییەکانیدا دێنم و دەڵێم: «رابە بچینە چێشتخانە، هەر لە نووکەوە بۆم بگێرِەوە. لە نووکەوە.»

ئەوە ئیتر بەرەو رووم دانیشتووە. لە شەربەی چایەکەی زەق بۆتەوە. دوایین قومی چایەکەم فرِ دەکەم و دەڵێم:«بیخۆوە سارد بۆوە... بیخۆوە دەمەوی باری لێ بدەم.»



-هەق نەبوو ئەوەم لەگەڵ بکا.

لە خاڵی گەردنی دەروانم و دەڵێم: «لە نووکەوە بیگێرِەوە.»

جگەرەکانی پاڵ وەجاغ گاز رادەکەم و سەبرۆکەیەك نێوقەدیان دەگوشم. تووتنەکان دەرژێنە سەر مێز. بە سەری قامکم کۆیان دەکەمەوە.

خەریك بوو باقی هەزارییەکەی دەدایەوە کە زانیم چاوی لەمن نییە... هەر دەیگنخاند*، جاشکە کەرە پێی وایە چی لێنازانم... دیتم ئەوە لەسەر سەرمەوە چاو و برۆی بۆ هەڵدەتەکێنێ. ویستم شتێکی حەواڵەکەم، گوتم وازی لێ بێنە، هەر بیریشی لێ مەکەوە، شۆفێری تەکسی خۆ ئینسان نییە زار دە زاری بنێم. دوو دانە دوو سەدیم وەرگرتەوە و چووم دەستم نایە ژێر هەنگلی و... بەڵام دەنگی رۆیشتنیم نەبیست. هەروا لە دەندە دا پاڵی پێوەنابوو. دە هەنگاو دوور نەکەوتبۆوە لەپرِ گوتی چرکەیەك سەبر گرە، ئێستا دێمەوە. دەسماڵەکەی داکێشا خوارێ و دە لینگانی وەرێنا. نەمزانی چ بوو لەپرِ دیم لەنك هەتیوە گووەکە دانیشتووە و ئەوجار تەکسی لەجێوە دەرپەرِی. هەر نەمزانی چ بوو، سەعاتێك هەروا وێستابووم، گوتم رەنگە...

دیسان ناشێم بەری وێك هاتنەوەی سووچی لێوەکانم بگرم. بەو چاوە هەنگوینییە خومارانەیەوە لە چاوانم دەروانێ و ئیسکانە چایەکە بەرەو رووم توورِ دەدا. خۆم واوە دەکێشم چایەکە دەپرژێتە دەم و چاوی. لەسەر کورسیلەکە دەکەومە خوار و کەفەزگ دەبم ، سەری لەسەر مێز دادەنێ و وە نووکە نووك دەکەوێ.

هەڵدەستم چایەکی دی تێدەکەم و لەپێشی دادەنێم. جگەرەیەك دادەگیرسێنم و دەڵێم: «گوتم لە نووکەوە بۆم بگێرِەوە. هەر لە نووکەوە.»

سەری دەنێمە نێو دەستەکانم و بزەیەکی پان و پۆرِ دەخەمە سەرلێو.

-لە نووکەوە بیگێرِەوە، باشە؟

مژێکی توند لێدەدا و دووکەڵێکی شل و شەوێق لە دەمیەوە دێتەدەرێ.

-کە لە چایخانە هاتمەدەر وەك هەموو شەوێك بوو. دەستی نایە ژێر ئانیشکم. هەتا مەیدانی وەلیعەسر بە پێیان هاتین. کابرای گۆرین پاڵی وەدەرگەی تەکسییەوە

دابوو و هاواری دەکرد. تەجریش. باهۆکانی بەو ئەستووریە بوو. رانەوەستا هەتا پڕ بێ، هەرکە سوار بووین پالّی پێوەنا. دەستی نابووە نێودەستم، هەر ئەو رۆژە قامکەکانی لاك لێدابوو، دوو جۆر رەنگی لێدابوو" نیوەی سپی، نیوەی بنەوش. ئەمنیش هەروا لە نینۆکەکانی ورد ببوومەوە. سەرم کە هەلّینا دیم ئاوێنەی لەگەلّ چاوەکانی رێك کردبوو. بەلّام ئەو هەر لێی نەدەڕوانی. دەستی لەنێو دەستم دابوو و چاوی لە دەرەوە بڕیبوو. پەنجەرەکەی هەتا بنەوە داکێشابووە خوار و روومەتی وەبەر با دابوو. دەستی لەنێو دەستم دەرخست و فرمیسکی سڕییەوە. بە هۆی باوە بوو. با وەچاوەکانی دەکەوت.

مژێکی قوولّی لێدەدەم و دووکەلّەکەی دە دەم و چاوی دەکەم. دیسان مژێکی دی لێدەدەم، ئەوجار فوو دەکەمە دەم و چاوی. دووکەلّەکان بە دەستی رادەدا. ئێستا ئیتر دەنگی نزم دەبێتەوە. خۆشی دوور دەکەوێتەوە. هەنووکە ئیدی دەنگی نابیستم. دەمی دەکرێتەوە و وێك دێتەوە. دەستی بە تەنکە ردێنەکەی دا دێنێ. گووارەکەی دەگرێتە نێو دوو قامکان. دیوارەکانی چێشتخانە دەکشێنە دواوە. دەم و چاوی دێتە پێشەوە. کورسیلەکەی بۆ دواوە دەچێ و بە کاشییەکانەوە دەنووسێ. زەنبەقەکانی کاشی دە لەشی رۆ دەچێ. یەکێك لە زەنبەقەکان بە قەراخ خالّی ملیەوە دەنووسێ. دەمەوێ زەنبەقەکە بگرم. نایەلّێ. هەر ملی دەکێشێتە دواوە. هەر چۆنێکی بێ دەیگرم. زەنبەقەکەی سەر ملی دەنێمە نێو دەستم و لەسەر عەردی چێشتخانە رادەکشێم. چاوەکانم دەنووقێنم. ئێستا جارێکی دی دەنگی دەبیستم.

ئەو شەوە جوان و کەشخەتر ببوو، مانتۆ سوورەکەی لەگەلّ شەلّوارە گێترە پەمەییەکەی لەبەر کردبوو. بۆخۆم بۆم سێت کردبوو. هەموو شتێك وەك هەموو شەوەکان بوو. تەنیا نەختێ جوانتر و کەشخەتر ببوو. هەموو شەوێ لە دەرگەی چایخانە وەژوور دەکەوتم، گشت چاوەکان وەرسووڕانە لای ئێمە. ئەو شەوە تەنیا کوڕێژکەیەکی هیچ و پووچ گەڕاوە پێی گوتم جەرگەکەم. دەبەر دابووم لێی بگەڕێمەوە وەلّامی بدەمەوە" بەلّام ئەو زووتر گەڕاوە و قامکی پێشانی کابرای گۆرین دا. دیسان



سووچی لێوم خەریکە وێك دێتەوە. رووم وەردەگێڕم هەتا نەیبینێ، بەلّام دەیبینێ. هەر بەو چەشنەکە دە چاوەکانم راماوە، هەنگوینەکان دەخزێنە سەر گۆنای. واز لە پێکەنین دەیەنم. هەلّدەستم لە هەمبەریدا چۆك دادەدەم و سەری بە سینگمەوە دەنێم.

- خەمت نەبێ... خەمت نەبێ...

- ئاخر چۆن؟ ناپیاوی پیسەکە...

بە مست لە سینگم دەدا و وە نووکە نووك دەکەوێ. قژی بە قامکەکانم لێك دەکەمەوە، دەست بە خالّەکەیدا دێنم. مستم دەکەمەوە. زەنبەق نەماوە. لەپی دەستمی پێشان دەدەم، دەلّێم: «چاو نەماوە. رۆیوە.»

لە حەمام کە دەهاتەوە، بە رۆبدشامبێرەوە لەسەر قەنەفە رادەکشا، قاوەکەی دەخواردەوە. لێی دەبوویە چل و مل لەجێی خۆی نەدەبزووت. پێی خۆش بوو گوێ بداتە جیپسی کینگ و قاوەکەی مەزمەزە بکا. قەتیش هەمووی نەدەخواردەوە، هەمێشە قومێکی لە بنیدا دەهێشتەوە، پاشان بڕبەندەکەی هەلّدەگرت دە نینۆکەکانی بەردەبوو. ئەمنیش لە هەمبەری دادەنیشتم و چاوم لێدەکرد. دەیگوت ئەو کارەی تۆم پێخۆشە کە بەندم نابی.

دەچمە چێشتخانە هەتا وێك هاتنەوەی سووچی لێوم نەبینێ. ئاگری ژێر کترییەکە دەکووژێنمەوە، دیسان دەبۆلّێنێ. لێوەکانمی بۆ وەك خونچە لێدەکەم. خێسەم لێدەکا و رووم لێ وەردەگێرێ. نۆچە ئاودارێکی حەوالّە دەکەم و دەلّێم: «هەستە بڕۆ حەمامێ دەتهێنێتەوە سەر خۆ.»

سەری دەخاتە سەر باهۆکانی و دەلّێ: «هەق وانەبوو لەگەلّم ئاوابێ.»

وەردەسووڕێم هەتا وێك هاتنەوەی سووچی لێوم نەبینێ.

## چەند سانتیمەترێك لە ژێر زەویدا

ئەتۆ هەق بووی، هەر بەڕاستی زۆر گرینگ نییە. کاتێ دەکرێ بە ئاو بەخۆدا کردنێك پاقژی بکەیەوە، ئیدی گرینگییەکەی دە کوێدایە؟ هەرکە لە دەرگە وەدەرکەوت، مەلافە سوورەکانم تێکەوەپێچا و شینەکانم بە جێگەی ئەوانەوە کێشایە سەر قەروێڵە. ئەوجار ئاوێکم بەخۆداکرد. گەرەکم بوو ئەودەم کە لە دەرگە وەژوور دەکەوی، شەربە بە دەست و بە رۆبدشامبێری ئەرخەوانییەوە پاك و خاوێن لەسەر قەنەفە بۆی راکشابم. رێك لەوکاتە دا کە سی.دی ((تورکمەن))م خستە نێو پەخشی سەوت لە زەنگت دا. پێم خۆشە مووزیکی تێکستی ئەم دیمەنە یەکێك لە کارەکانی عەلیزادە بێ.

ئەو عەترەم لەخۆدا کە بۆ رۆژی لە دایك بوونمت کڕیبوو. بۆنەکەییت بۆ دێ؟ بۆنەکەی ئەو دەمە خۆشەکە بە سەری تەڕەوە لە حەمام دێیەدەر. سەر و سەکوتت وەك جانی دالێر دەچێ. بۆ لەو جگەرە قونچك زەردانەی نێو تەپلەك ورد بوویەتەوە؟ ئەدی، ئەمن قەت جگەرەی قونچك زەرد ناکێشم.

کە لە دەرگە وەژوور کەوتی، واقت وڕما؟ پێت وابوو دەبێ خەوتبم؟ چاوەڕوانی ئەوەت لێم نەدەکرد حازر و ئامادەبم؟ دەبینی ئاوم بەخۆداکردووە، رۆبدشامبێرە ئەرخەوانییەکەم دەبەر کردووە کە تۆ  زۆرت خۆش دەویست. قژەکانیشم بە گیرە خڕ کردۆتەوە سەر سەرم و شەربەشم کە بە دەستەوەیە. هەموو شتێ تەیارە. دەی، جا ئێستا بپرسە ئەو شتەی کە ناچاری کردووی لەو دەمەی بەیانیدا بێیە ئێرە. ئەو شتەی کە چەشنی بەرسوولکە لە کەللەتدا دێ و دەچێ. جگەرەش داگیرسێنە“ بێجێ نییە. بەشقەم نیکۆتین ببێتە هۆی ئەوە رستەیەکی لەبارتر بدۆزیەوە، رەنگبێ پێویستیش نەبێ“ چوار جوێن و قسەی پڕ و پووچ ئیتر پێویستی بەو گشتە بیرکردنەوەیە نییە.

رووبەڕووم دانیشتووی و لاقەکانت زوو زوو لە حەوا دا هەڵدەسووڕێنی و سەری جگەرەکەت بە دەوری تەپلەك دا دەگێڕی. چاوەڕێی ئاخۆتنی منی؟ نا“ ئەمن نائاخۆم.



بۆخۆت دەبێ دەست پێ بکەی. ئەمن ئارام هەر لەگەڵ ئەو ساتانەدا سازە. پێم خۆشە هەروەتر درێژەیان ببێ، چۆن بوو هاتیە ئێرە؟ بۆچ لە ئاپارتمانەکەتدا نەمایەوە و یەکێك لەو زیکر و تەلیلانەی کە بە مریدەکانتی رادەسپێری، ئەوەندەت دووپات نەدەکردەوە هەتا ئەهوەن ببیەوە؟ چوار مێردەکی، رووت، لەبەردەم پەنجەرەی کریاوە، قژەکانت بەسەر شانەکانت دا پرژ و بڵاو دەکردەوە.

قژەکانت بۆچی بە کێشی دەبەست؟ ئاویشت بەخۆدانەکرد. ئەگەر ئاو بەخۆداناکەی، قژەکانت زۆر دەشێوێ. چاوەکانیشت جۆرێکیان لێهاتووە. وەك چاوەکانی منیان لێهاتووە، ئەو دەمانەی کە دۆستەکانت دەهاتنە ماڵت و دوای ئەوە زیکر و تەلیلەتان تەواو دەبوو لەبیرت دەچوو دوو شاخەی تەلەفۆن دەپریزەکە بنەیەوە“ تەواو بە هەڵکەوت، بەیانی ئەو رۆژەش کیژەکە تەواو بە هەڵکەوت لە پێپلەکانەکانی ئەپارتمانەکەت دەهاتەخوار، کاتێ وەژوورکەوتم، دوو شاخەی تەلەفۆن هەروا لەسەر مێز بوو. قیژاندت: ((واتە ئەمن بۆ پچڕانی یەکشەوەی تەلەفۆنیش دەبێ وەڵامت بدەمەوە؟))

بۆ تۆ شوورەیی بوو. قەت ئاوا بە سانایی دەرهەڵ نەدەبووی. بەڵام دیسان هەرباش بوو کیژەکەم دی. زۆر لەو مۆتەکە بێ دەم و چاوانە ناحەزتر بوو کە مرۆڤ لە خەونەکانیدا دەیانبینێ. کاتێ بیر لە تۆ دەکەمەوە ، پێم خۆشە هەر نەبێ شتێکم بەرچاو بێ.

گوێ بگرە، دەبینی ماڵ خەرانەبووە بە چوار سیمان چ دەکا. ئەمن ئۆگری ئەو بەشەم. هەر ئەوەندە گوێ بدەیە، هەر دەڵەی سیمەکان دەقیژێنن. یا قیژەیەك دووجار و سەدجار لە مێشکی مرۆڤ دا دووپات دەکەنەوە. کاتێ لەسەر ئەو قەنەفەیە رادەکشێم و شەربەم بە دەستەوەیە و ئەو قیژانە لە حەوا دا دەتەننەوە، ئیدی وازی هیچ کارێکی ترم نییە. ئەو شەوەی وەڵامی تەلەفۆنت نەدایەوە، چوومە لای بوومەکە. رەنگە گەرمەکانم تێکەڵ کرد و بە سەری فلچە توند خێواندمە سەر بوومەکە“ کورت و بە هێز، بەڵام کەلکی نەبوو. پێم وابوو پێدەچێ بە هۆی رەنگەکانەوەیە. رەنگە ساردەکانم بە بزاڤی هێدی و کێشداری فلچە تاقی کردەوە. ئەوجارەش کەلکی نەبوو. نە سوور و نە نارنجی و نە پەمەییەکان، لە رژدی و تووڕەییمیان کەم نەکردەوە، تەنانەت نە شین و نە سەوزە کراوەکانیش، تا بەیانی هەر پێنج دەقیقە جارێك ژمارەم گرت. بێ فایدە بوو، نا، گەمژانە بوو. کاتێ دوای دوازدە

شەو وەڵامت نەدەدایەوە، مانای ئەوە بوو کە زووتر لە نۆێ بەیانیش وەڵامت نەدەدایەوە. خۆ نەدەکرا بە نیوەشەوێ کیژەکە لە ماڵ وەدەربنێی، ئەویش بەو سەر و سەکوتەوە. بێ شك هێندەتان کێشابوو کە هەر نەبێ نیوگەز وەحەوا کەوتبوون. لەجیاتی ئەوە من خۆم توند بە عەردەوە نووساندبوو، بەڵکوو نەختێکیش لە عەرد چووبوومە خوار. قورس و رووت و قووت. هەر لە سەرەتای شەوەوە دەستم پێدەکرد. چوار لیترییەکەم لەپاڵ خۆم دادەنا" قاپێك جەمەدیشی* لەگەڵ. هەر لەودەمەوە مریدەکانت وردە وردە خەریکی رۆیشتن بوون، هێدی و بە پەلە. هێندێ جار چەند کەس بەیەکەوە و برێ جاریش دوو دوو. دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتر و هێمن و لەسەرخۆ ماڵاوییان دەکرد. هێندە لەسەرخۆ کە هەر دەتگوت یەکێك لە ژووری پاڵدەستەوە خەوتووە. کارتێکردنی ئەو زیکر و تەلیلانە بوو یا کارتێکردنی شێخ روزبەهان، کاتێ ئەتۆ بەو فانیلە و شەڵوارە سپییەبەنەوە لە ژوور هۆدەوە لەسەر چۆك دانیشی و رەحلی دارینی ئابنووس لەپێش خۆت بکەیەوە و هێدی هێدی لەمەڕ لایەنی خاسی بریسکانەوەی ئەوینەوە بدوێی، ئەشێ لایەکیش لەو کیژە چاو درشتە رەنگ بزرکاوە بکەیەوە. چاوەکانی هێندەش درشت نین" بەلام چاکیان دەڕێژێ. لەو داڕشتنە شێوە ماژیکیانە. بێ شك پەن کیکەکەشی لەو بەقیمەت گرانانەن. زۆر چاك بە پێستیەوە دەنووسێ. بڕێکیش کراوەتر لە رەنگی پێستەکەیەتی. حەز دەکا رەنگ بزرکاوتر بنوێنێ. سەر و پۆڕی ئاوا خۆپاریزتر پێشان دەدا، وەنیە؟

پێدەچێ لەسەر پێداگری مریدەکانت ئەو فایلە دڕاو و شپڕێوە سەوزەت لێك بکەیەوە و یەکێك لەو کاغەزە کاهیە دڕاو و بێ سەرەو بەرەیە وەدەرخەی و بیخوێنییەوە. یەك دوو ساڵ لەمەوبەر گشتی ئەوانەت بەمن دەگوت" «شازادە بچکۆلە»، «ژنە بەفرینە». بەڵام ئێستا نازانم بۆ کامیان دەگێڕیەوە. «خاتوونی قاوەییەکان»ت دەبێ بۆ ئەو کیژە لەرە گێڕابێتەوە. دڵنیام هۆ و هەگەرێکی هەیە، لە حاڵەتی چاوەکانی رادیارە. تۆ خۆت ئەو شتانە باشتر دەزانی. بێ گومان لەکاتی خوێندنەوەی شێعرەکەشت دا رێك لە چاوەکانی رامابووی. هەر وەك ئەو سەردەمانەی لە چاوەکانی من رادەمای. بەو چاوە سوور و نەختێ خەواڵووانەوە. لە خولی دووهەمی سووڕانی جگەرەدا چاوەکانت ئاوایان لێدێ،



بۆخۆتان دەڵێن «شەهلا»، وەنیە؟ بەڵام ئێستا ئیدی چاوەکانت شەهلانین. دوێ شەو هەمووی هەر وەخەبەر بووی؟ رەنگ بێ وەکوو من هەر پێنج دەقیقە جارێك ژمارەت گرتبێ. ئێستا بپرسە. ئەو بیرە چەوتەی کە لە مێشکت دایە بیخەمە دەرەوە. بپرسە.

بۆ لەبەر ئەو تابلۆیە وەستاوی؟ ئەو رەنگە، سوور و پەمەیی و نارنجییانە ئەهوەنت ناکەنەوە" پێدەچێ خراپترت بەسەر بێنن. رواڵەتت ئەوە پێشان نادا" بەڵام لەو چەشنەکاتانە دا هیچ شتێ چاوەڕوان ناکرێ. رەنگە جارێ تەپلەکی کریستاڵ راکەی و لەسەرم راکێشی. یا بەڵکوو پایەی ئاباژۆڕت پێ باشتر بێ. ئەمن کە گرینگییەکی زۆری پێنادەم. هەر کارێکی پێت خۆشە بیکە. ئەمن دژ کردەوەیەك پێشان نادەم. قسە ناکەم. ئەوکاتە سەخت و تووشانەش هەرچی درێژە پێ بدەی، ئەمن دەنگ ناکەم.

بۆ لەبەر ئەو تابلۆیە رەق هەڵاتووی؟ ئەتۆ قەت وا بەسەرنجەوە لە کارەکانی من ورد نەبوویەوە. ئێستا چۆن ناتەوێ چاوی لێ بکەی... هەر بەڕاستی لەو ساتەوە هاتووی هەرهیچ چاوت لێم نەکردووە" بەڵام ئەمن هەمێشە چاوت لێدەکەم. تەنانەت ئەوکاتەکە بەسەری قامکم جەمەد لەنێو شەربەدا دەسووڕێنم، چاوەکانت بۆچی وا سیس و ژاکاون؟ کێشی قژەکانت بکەوە، پێم خۆشە قژەکانت بەسەر شانەکانت دا پەخش و پەرێشان بێ. دەبینی شین و سەوزە کراوەکانم تێکەڵ کرد. بەڵام کەلکی نییە. ئەهوەنت ناکەنەوە. تەنانەت ئەو گیا سەوزانەش کە بە پەڕە جگەرە دەیانپێچیەوە یارمەتیت نادەن. سووکترت دەکەن. سووك و هەڵپەسێراو. ئێستا ئەتۆ پێویستیت بە شتێکە کە قورست بکا. شتێکی کە لات وایە لاقەکانت دەیەنێتەوە سەر عەردی، یا وەك من چەند سانتێك لە عەرزیت رۆ دەکا. ئەمنیش بە هەڵکەوت دۆزیمەوە. یەکێ لەو شەوانەی کە کۆبوونەوەتان هەبوو. هەستێك پێی دەگوتم ئەمشەو لەبیرت دەچێ دوو شاخەکە بخەیەوە جێگاکەیەوە. لەسەر قەنەفە راکشام و شەربەم تەژی کرد، هەتا سەر لە بەیانی، بە رادەیەك قورس ببووم کە نەدەشیام لە جێگەی خۆم ببزووم، چ بگا بەوەی کە لە هۆدە دا پیاسە بکەم و لێگدا لێگدا ژمارەت بگرم، هەر لەوێ لەپێش بوومەکە دا. هەر ئەو جێگەیەی کە هەنووکە لێی وەستاوی ، لە عەردی راکشام و روومەتم بە ساردایی سیرامیکەکان وەنووساند. ئەو هەستەم بوو کە لەشم لەسەر ساردایی عەرد بوو بە ئاو و لە درزی سیرامیکەکان دا خزییە

ژێر عەرد. بەرە بەرەی نیوەڕۆ کە لەخەو رابووم سەرم دەیەشا. هێمنایەتی شەوی پێشتری دەیەنا. قاوەیەکی خەست وەخۆی هێنامەوە.

بەڵام ئێستا ئیدی قاوە ناخۆمەوە. دەزانم، هەر ئەو دەمیش گوتت؛ تەڕح و دیدارم تێك دەچێ، زگم دێتەپێش، چاوەکانم دەماسن، گوێی پێنادەم. شێخ روزبەهانیشت دەڵێ خواردنەوە رۆحی گیانە و... دواییەکەم لەبیر نییە.

دیسان بەرەو رووم دانیشتی و سەری جگەرەکەت لەسەر لێوی تەپلەك دەسووڕێنی. دەتەوێ فلۆکستینێکت پێ بدەم؟ ئەهوەنت دەکاتەوە ها؟ دەزانم پێت خۆش نییە لەو شتانە بخۆی. هەر کاتێکیش لەو شتانەت لە نێو دەست و باڵی من دا دی، گوتت: «ئاخ... ئەو زڕ و زبڵانە وەلانێ... مرۆڤ دەبێ هیوا بەخۆ بێ.

بەڵام مرۆڤ هێندێ جار بەرادەیێ سووك دەبێ کە پێی خۆشە دەستی بە جێگەیەکەوە بەند بێ. فلۆکستین پاڵپشتێکی لەبارە. ئەمن ناوم ناوە حەبی بێ غیرەتی. جارێ ئەگەر ئەمن شارەدار بوومایە بڕیارم دەدا فلۆکستین دە ئاوی شاری بکەن. بە بۆنەی ئەو فلۆکستینانەوە بوو دەشیام رۆژی دوای کۆبوونەوەکەت بێمە ئەوێ و هەرهیچ وەڕووی خۆم نەیەنم کە ئەو دەرزیلە پەمەییەی سەریم لە پاڵ قەروێڵەکەت دا دی، یا بێ -سەرەوبەرەیی و تێکەڵ پێکەڵی ئاپارتمانەکەت، دەزانی چ خۆشییەك دەدا بە مرۆڤ؛ چەشنێك کەرایەتی بەڕێوچێ.

بۆ لەبەر پەنجەرە وەستاوی؟ مەسەلەن ئەوە چاو لە هاتووچۆی ماشێنە رەنگاورەنگەکان دەکەی؟ ئەمن دەزانم چاو لەوان ناکەی. ئەتۆ ئێستا جگە لەو وێنە ترسێنەرەی کە لە مێشکتدایە، شتێکی تر نابینی. دەزانی کە چۆن هەموو سەرنجەکانت خستۆتە سەر ناختەوە؟ کەیف خۆشی؟ دەبێ هەرواش بی. لەبابەت گشت ئەو بیر کۆکردنەوەیە، ئەو بەخۆدا هاتنەوە دەروونییە، ئەو سووك بوونەوە، قەرزداری منی. خۆت دەتگوت" دیاربوون لە تێداچوون و فەوتانی دیتن دایە. ئەوی دی چ بوو؟ تێداچوونی دیتن و... ئاخ ، هەر وازی لێ بێنە.

رەنگە وات پێ باش بێ بەرزم بکەیەوە سەر دەستەکانت و لە ژوورەکەدا فڕێم دەیە سەر مەلافە شینەکان. ئەمن هێندە قورسم کە ناشێم لە جێگەی خۆم ببزووم. وەرە



شەربەکەم لە دەست وەرگرە، جگەرەکەم تووڕ هەڵدەقوژبنی هۆدە و وەك دڕندە هێرشم بۆ بێنە. بەڵام لەوە باشتر نابێ. دەجاری دیکەش ئەو کارە بکەی کەلکی نییە" ئیتر باوەڕ ناکەی. لەشم لەنێو دەستەکانت دا وەك مێو نییە. پێت وایە هیچ تۆفیرێکم لەگەڵ قەنەفە نییە. پاشانیش سووکتر دەبی. ئەو بەیانییانەی دەهاتم و ئاپارتمانەکەتم بە شپڕێوی دەدی، گوێم بەوە نەدەدا ئاوت بەخۆدا نەکردبێ. دەتگوت ئاگری ژێر چایەکە داگیرسێنە و بۆخۆت دەردەپەڕییە حەمامێ. بەڵام دوای ئەوە ئەمن زۆرتر تێك دەچووم. سووکتر دەبووم. لەبەر پەنجەرە دادەنیشتم و لەو ئاڵقە دووکەڵانەی کە دەحەوات هەڵدەکرد زەق دەبوومەوە و شتێك بەری بە هەناسەکێشانم دەگرت. شتێکی نێوان بوغز و پێکەنین.

شەربەکەم بەتاڵ بووە، بەڵام غیرەتم نییە لەجێوە ببزووم. راستییەکەی دەترسم. شتێك لەنێو چاوەکانت دایە کە مرۆڤ دەترسێنێ. شێوەیەکی وەك داسەکنین. تۆ کە قەت ئاوات لێ نەدەهات؟ ئەدی کوا ئەو هێمنییەی باست لێوە دەکرد؟ بۆ کتێبی «رافەی شەتحیات» ناکەیەوە و یەك دوو بژاردە بێژییانی لێ ناخوێنییەوە هەتا بێیەوە سەرخۆ. هەر لەوێ لەبەر دەستتە، لەسەر مێزی چێشتخانە. بۆ لەبەر ئەو پەنجەرە سندان کوشتووە نابزووی؟ وەرە چرکەیەك لێرە لەسەر قەنەفە دانیشە. گەرەکمە لێت بڕوانم. دڵم بۆت تەنگ بووە. دڵم بۆ قسەکانت تەنگ بووە. وەرە نەختێ لەو گەڵا سەوزانە لە گیرفانت دەربخە، جگەرەیەکی ئەستوور تێکە. بەیەکەوە بیکێشین و وەحەوایە کەوین. وەك ئەو سەردەمان. هەر وەرە شەربەکەی من بەرە تەژی بکە. متمانەت بێ هێندە قورسم بۆم ناکرێ لەجێوە ببزووم. چاو، هەر هیچ گرینگ نییە. ئەمن کە تەنانەت قەڵافەتەکەشیم وەبیر نایەتەوە. تکایە چیتر لەپشت ئەو پەنجەرە نەعلەتیە... هەر بەجار و جەحەننەم. هەر کارێکی پێت خۆشە بیکە. هەر چەندی دڵت دەخوازێ لە پشت پەنجەرە بوەستە. ئەمن ئەوە خەوم دێ. دوێ شەو هەر وەخەبەر بوومە. چیتر ناتوانم خۆ راگرم. هەتا ئەمن لەخەو هەڵدەستم، ئەتۆ دەتوانی دیسان بیر بکەیەوە. بەڵام هێندەی نایەنێ. هەر هیچ گرینگ نییە" لە کاتێك دا کە بەئاو بەخۆداکردنێك دەکرێ لەسەر خۆتی لابەی.

## فەرهەنگۆك

**ئۆكتاو:** پێوانەیەكە بۆ دیاری كردنی بەرزی و نزمی دەنگ.

**ئەستوو:** مل. گەردن.

**ئەسكەلە:** بەندەرگا. لەنگەرگا.

**بۆینباخ:** كراوات . قەرەوێت.

**بكوژ:** قاتڵ. مرۆڤ كوژ.

**بەتانی:** پەتۆ

**پریز:** سووكێت . ئەو شوێنەی كەرەسەكان بە هێزی كارەباوە دەبەستێتەوە.

**تەپلەك:** ژێرجگەرە.

**جەمەد:** سەهۆڵ.

**چغوور:** قامیشەڵێن و دارستان.

**چوارمێردەكی:** چوار مەشقی. چوار چمك. چهار زانو.

**ختۆكە:** قانەقدی. قدیلكە.

**خواردنگە:** رستووران.

**دفن:** كەپۆ، لووت.

**دەستاو:** تامی دەستی چێشت لێنەر.

**دەمتەڕی:** زمان لووسی.

**زراڤ:** باریك.

**زوور:** زبر.



**زەبت:** مووسەجەلە. ئەو ئامێرەی دەنگ وەردەگرێ و بڵاویشی دەكاتەوە.

**سەردڕ:** جلكێ كە لە سەرەوە لەبەر دەكرێ.

**شوومینە:** ئەو زۆپایەی بۆ جوانی لەنێو دیواری ژوورەكاندا دادەمەزرێ.

**شەش ئاگر:** جۆرە دەمانچەیەكە.

**قەنەفە:** تەخت. قەنەپە. قەروێڵە.

**كاردۆژە:** كەندەكاری.

**كورك:** وردەموو

**كەوك:** شینی كراوە، شینی كاڵ

**گنخاندن:** خۆخافڵاندن. بۆگەنیو كردن.

**مژوول:** خەریك بوون بە كارێكەوە.

**وان:** تیانە. حەوزی ناو گەرماو. گۆلی بچووكی ناو حەمام.